# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە





## دەربارەی ئەنتی سێمیتیزم...

ل10_11


ساڵی نۆهەم ژمارە (197) بەرواری 15–8–2025


بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## بنەمای سەرەکی کێشە و ململانێی نێوان بەغدا هەرێم چییە؟

**عەبدوڵا مەحمود**



ململانێی نێوان و دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم لەسەر پرسی داهات و دەسەڵات، بەردەوامە. لەدوای جەنگی ١٢ رۆژەی نیوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، جارێکی تر پرسی موچە و نەوت و تەوتین، بە شیوەیەکی بەرجەستەتر لە رابردوو هاتوونەتەوە مەیدان و بوونەتە سەنتێزی کێبەرکێی نێوان بەغدا و هەرێم. لەو نێوەدا، خەڵکی کوردستان بەگشتی و موچەخۆران بوونەتە قوربانی ئەم ململانێیە.

دیارە کێشەی نیوان بەغدا و هەرێم، لەسەر پرسی موچە و نەوت و تەوتین، تەنها گۆشەیەک لە ململانێیەکی فراوانتری نیوان دەسەڵاتی بەغدا و هەرێمە و دیوی دەرەوەی ململانێیەکی قوڵتر و بەرینترە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی لە ئاستی سەراسەرییدا، دەیەوێت باڵادەستی خۆی بە شیوەی بەرجەستەو یەکلاکەرەوە بەسەر تەواوی عێراقدا بسەپێنت. دەیەوێت کۆسپەکانی بەردەم قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی کەنار بخات. دەیەوێت سەرجەم دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و دەسەڵاتی فیدرالی هەرێم بخاتە ژێر چەتری هەژموونی خۆیەوە، دەیەوێت بریاری سەرەکی یەکلاکەرەوەی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و حقوقی.... لە ژێر دەستی خۆیدا بێت.

ئەم ویستەی دەوڵەت و حکومەتی عێراق، لەلایەکەوە رووبەرووە لەگەڵ هیزگەلی میلیشیایی لە ئاستی ناوەراست وخواروی عێراق کە خاوەنی پشتیوانی دەوڵەت و جەمسەرە ناوچەییەکانن، لەلایەکی تریشەوە ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و ئاییندەی سیاسی کوردستان.

حکومەت و دەوڵەتی عێراق، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئامانجی عێراقێکی یەکگرتوو بگات، کە بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی عێراقی مەیسەر بکات و بەرگری لێ بکات، ناچارە رووبەرووی هیزە نیابەتی و میلیشیاییەکان لە ناوەراست و خواری عێراق و هیزەکانی بۆرژوازی کوردو ئەو ئاستەی لەدەسەڵات کە ئێستا هەیانە ببێتەوە و سنورداریان بکات، بەو پێی دەستور و فیدرالیزم.

دیارە جیاوازی بەرجەستە هەیە لە نیوان پیگەی هیزە میلیشیایی و نیابەتیەکانی وڵاتەکانی ناوچەکە لە ئاستی و خوار و ناوەراستی عێراق، لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە هەرێمی

بۆ لاپەڕە 2

## چۆن موچە و مافەکانمان بەدەست بهێنین؟




لەگەڵ هاتنی موچەی مانگی ئایار دوای نزیک بە ٨٠ رۆژ دواکەوتن، موچەخۆرانی هەرێم ئومێدەوار بوون لیکتێگەیشتنی بەغدا و هەولێر، کە رادەستکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێم و پرسی بە بانقی کردنی موچەی فەرمانبەران لەلایەن هەرێمەوە بە بەغدا و ناردنی موچەی فەرمانبەران لەلایەن بەغداوە، کۆتایی بە گرفتی موچە بێت و فەرمانبەران چیتر باجی ململانێی سیاسی نیوان بەغداو هەولێر نەدەن، کەچی بەداخەوە دوبارە ناردنی موچە بۆتەوە بە کیشەو و دیار نییە کەی موچە دێت.

فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردستان زیاتر لە١٠ ساڵە گرفتی موچەیان هەیە. ئەم گرفتە بۆتە هۆی تایبەتمەندیەکی دەورەیەکی دورودرێژ و ژیانکوژ. ئەگەر وەکو ئەوەی دەسەڵاتی بەغدا بانگەشەی دەکات،

بۆ لاپەڕە 3

## دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید سیاسییەو دەبێ دەستبەجێ ئازاد بکرێت!




شەوی ١٢ لەسەر ١٣/ ئەم مانگە شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، لە ماڵەکەی خۆی لە گوندی ئەڵمانی لەلایەن پۆلیسی سلێمانیەوە دەستگیر کرا. پۆلیسی سلێمانی! لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاند کە دەستگیر کردنی ناوبراو بەهۆی سکاڵای کۆنی یەکێک لە ئەندام پەرلەمانێ بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٩ و پەیوەندی بە ناوزراندن و هەڕەشەکردنەوە هەیە.

بە پێچەوانەی لێدوانی پۆلیس و دادگای سلێمانی دەستگیرکردنی شاسوار

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- کوشتنی رۆژنامەنووسان نارەزایەتییە جیهانییەکانی دژی قەیرانی مرۆیی غەززە....ل4
- جێگەو رێگەی ئەنفالەکان لەنێو دەسەڵاتی ئێستای هەرێمدا.............................ل4
- من عاشقی کچەکەی مەسعود پزیشکیانم..............................................ل5
- بلاکستۆن خەڵك بێخانە ئەکات و ترامپیش سەرباز بۆ زیندانیکردنیان ئەنێرێت..........ل6
- دوای نۆ ساڵ بەسەر تیرۆری وداد حسێندا..................................................ل6
- هەشتا ساڵ دوای کارەساتی هێرۆشیما،کابوسی چەکی ئەتۆمی بەسەر..............ل9

## دۆسیەی ژمارە"پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکان و ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی.." ل12


پرسی نوێ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل7_8

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

کوردستاندا.... هیزو لایەنە میلیشیاییەکان سەرباری هەژموون و پیگەی سیاسییان، بەکردەوە لەناو چوارچیوەی عێراقدان و خاوەنی قەڵەمرەوی سیاسی و جغرافیای دابراو نین. تا رادەیەکی زۆر لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی مەرکەزیدان و لەوچوارچیوەیەدا ململانێیان بۆ ئامانجەکانیان عیراقێکی یەکپارچەیەو بەرگری لیدەکەن، بەڵام دەیانەوێت دەسەڵاتی سیاسی بەپێی بەرژەوەندی جەمسەرەکانیان پشتیان بەدەستەوە بگرن. لەبەرامبەردا دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دەسەڵاتێکە خاوەنی قەڵەمرەوی سیاسی خۆیەتی و زیاتر لە ٣ دەهەیە، هەژموونی بەغدا و دەسەڵاتەکەی بەسەر هەرێمدا نییە یان زۆر سنوردار و لاوەکییە و بە واقعی دەسەڵات بەدەستی پارتی و یەکێتیەوەیە... بۆیە بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق پرسی تیکەڵ کردنەوەی و لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە و گێرانەوەی هەژموونی سیاسی و ئەمنی و حقوقی بەسەر هەرێمدا، ئەولەویەتی هەیە. جیا لەوەش سەرجەم لایەن و هیزەکانی بۆرژوازی عێراقی سەرباری هەر ناکۆکی و ململانێیەکی نێوانیان، لەسەر بنەمای "پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و سەروەریەکەی"، هاوڕان لەسەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبێت، بچیتەوە ژێر چەتری دەسەڵاتەکانی ناوەندی و ئەو سەربەخۆیەی تا ئیستا هەیەتی لە زەمینەکانی ئابوری و داهات و سنور و گرێبەست و پەیوەندیەکان و خاڵە گومرگیەکان و پەیوەندیەکان... کۆتایی پێ بێت و لەچوارچیوەی دەوڵەتی عێراقدا، پیناسە بکرێتەوە.

هیزە نیابەتی و میلیشیاکانی عێراق، تا ئیستا هیز گەلێکن کە بەهۆی پشتیوانی هیزو لایەنی سیاسی ناوخۆیی و ناوچەییەوە خاوەن هیزو توانایین کە دەتوانن ریگری لە پرۆژەکانی حکومەت و نەخشەکانی بکەن و گرفت بۆ بۆ حکومەت دروست بکەن. بۆرژوای کوردیش بەهەمان شیوە بەهۆی دەسەڵات و ئەزموونێکەوە کە زیاتر لە ٣ دەیەیە بەسەر کوردستاندا هەیەتی، هیشتا دەتوانێت ڕیگری لە پرۆژەکانی حکومەتی عێراق و ئامانجەکانی لە هەرێمی کوردستاندا بکات و ببێتە کۆسپ لە بەردەم هەنگاوەکانی.

مل نەدانی دەسەڵاتی هەرێم بە ڕیکەوتنامەکانی لەگەڵ بەغدا، لەسەر پرسی نەوت و گرێبەستەکان و شیوەی ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی، تا دەگاتە پرسی رادەستکردنی داهاتی نانەوتی و تەوتینی موچەخۆران... چەند لایەنی ململانێی نیوان بەغدا و هەرێمن.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم رادەستکردنی تەواوەتی دۆسیەی نەوت، داهاتی ناوخۆیی و نانەوتی، وە بە بانقی کردنی موچەی فەرمانبەران و بەستنەوەی بە ناوەندەوە، بەو هەنگاوانە دەزانێت کە تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بەسەر هەرێمدا دەهێنێت و دەروازە دەکاتەوە بۆ دەستبردنی بەغدا بۆ دۆسیەکانی تری وەکو سپاردنی پاراستنی ئاسایشی سنور بە هیزەکانی عێراق، ریکخستن و تیکەڵکردنی هیزێ چەکداری حزبەکانی هەرێم لەگەڵ سوپای عێراق، لەژیر ناوی کۆتاییهینانی بە هیزی تایبەتی و حزبی و بەنیشتیمانیکردنی!! هیزە چەکدارەکان، ریکخستنی پەیوەندیەکان لە چوارچیوەی پەیوەندیەکانی دەوڵەت عێراق لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو دنیادا، زاڵکردنی یاساکانی ناوەند بەسەر دەسەڵاتی هەرێم، کۆنترۆڵی گومرگی دەروازە سنورییەکان، تا دەگاتە هەڵدانەوەی فایلی تر...تاد. هەموو ئەوانە رەوەندێکە، کە بۆرژوازی عێراق بەدواوەیەتی و پاڵپشتە بە بریارەکانی دادگای فیدرالی و دەستور و فیدرالیزمی قەومی.

ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم پرسی نەوت و ئابوری و گرێبەستەکان و فرۆشتنی نەوتی بەتەواوەتی لەدەست دەربهێنرێت، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەبێتە زیادە. ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم پرسی موچە و دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە، خانەنشینی و...تاد لەدەستدا نەبێت، وەزارەتی دارایی دەبێتە وەزارەتێکی زیادە... ئەگەر هێزی پیشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراق، تێکەڵ بکرێت یان رێکبخرێت، هیچ جێگایەک بۆ وەزارەتی پیشمەرگە نامێنێتەوە و بەم شیوەیە خودی ئەوەی پێی دەوترێت حکومەت!!، ئەگەر کارتۆنیش بێت، بەکردەوە هەڵدەوشێتەوە.

سەرجەم باڵەکانی ناو خێزانی بۆرژوازی عەرەبی عێراقی، سەرباری هەر ناکۆکییەکی نێوانیان لەسەر ئەو ئاراستەیە لە پەیوەند بە هەرێمی کوردستانەوە کۆکن و دەیانەوێت کۆتایی بە حکومەت لەناو حکومەت و دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا بهێنن و بە کردەوە هەرێمی کوردستان و بەدەسەڵات و ئیدارەکەیەوە بگێرنەوە بۆ ژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی ناوەندی. تا ئەو جێگایەی بە هیزە نیابەتیەکان و باڵەکانی تر دەگەڕیتەوە، بە پێچەوانەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە هیچ جغرافیایەک کە وەکو هەرێم لە عێراق جیا بێت و هیچ پیگەیەکی حکومەتی ناوەندی لێ نەبێت بوونی نییە، ئەو هێزانە چەندەش پیگە و جەماوەریان لە جێگایەک هەبێت، بەراورد بە هەرێم ناکرێت.

ئەم ئاراستەو ویستەی بۆرژوای عێراقی، تەنها رووی لە دەسەڵاتی میلیشیایی هەرێم و پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان نییە، بۆ ئەوەی دەسەڵات و داهاتیان لەدەست دەربهێن و جڵەویان بکەن و بیانکەن بە گوێرایەڵی دەسەڵاتی ناوەندنی بۆ سەپاندن و دریژە دان بەدەسەلاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو واوەتر لەوەیە و گێرانەوەی هەژموونی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی قەومی و دینی عێراقە بەسەر سەرجەم خەڵکی کوردستاندا، بەڵام ئەمجارە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، نوێنەرایەتی بۆرژوازی لە عێراقدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکەن و لەژێر چاودێری و لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا.

ئەوەی کە وادەکات بۆرژوازی عێراقی، لەگەڵ بۆرژوازی کورد و هیزە سیاسیەکانی بسازێت، تا نوێنەرایەتی بەغدا بەسەر هەرێم و خەڵکی کوردستاندا بکەن، ئەوەیە کە هیزە و لایەنە سیاسیەکانی بۆرژوازی عەرەبی و دینی عێراقی و دامەزراوەکانیان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە قبوڵ ناکرێن و رەت دەکرێنەوە، و گەرانەوەی هیزو دام و دەزگای ئەمنی و سەربازی و تەنانەت ئیداری هیزە عەرەبیەکان بە شیعەو سوننەوە بۆ شارەکانی کوردستان و هەرێم، ئەستەمە. بۆیە بۆرژوازی عێراقی ناچارە کەڵک لە پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان وەربگرێت بۆ دریژەدادنی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بەڵام لەچوارچیوەی عێراقێکی یەکگرتوو و وەبەپێناسەیەکی نوێ و ئەرکیکی نوێوە. هیز و لایەنە کوردیەکانیش لە بێ ئەلتەرناتیفیدا ناچارن مل بەو گۆرانە بدەن و دەست لە بەشێک لە بەرژەوەندیەکانیان هەڵبگرن، لە پێناو بەرگری لە مانەوەی خۆیان و جووتکردن و تیکەڵکردنی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ بۆرژوازی عێراقی. هیزو لایەنەکانی بۆرژوازی کورد تا رادەیەکی زۆر و بەهۆی بەدەستەوە نەبوونی هیچ کارتێکی کارا، و نەبوونی پشتیوانی فەرمی کۆمەڵگەی نێودەولەتی، لە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندیدا، کە بەهرەمەندە لە پشتیوانی فەرمی کۆمەڵگەی نێوادەوڵەتی و جەمسەرە ناوچەییەکان، ناچارن مل بەو ئاراستەی عیراق بدەن و خۆیانی لەگەڵ بسازێنن.

چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان، کە زیاتر لە سێ دەهەیە، لەژێر سایەی دەسەڵاتی تالانچی و میلیشیایی هەرێمدا دەناڵێنن و لەسەرتاییترین خزمەتگوزاری و مافە مەدەنی و سەرەتاییەکانیان بێبەش کراون، وە زیاتر لە سێ دەهەیە لە مەیداندان بەدژی دەسەڵات و تەنانەت بۆ راماڵینیان، ئیستا بەکردەوە بەهۆی ئاڵوگۆر لە هاوسەنگی هێزی بەغدا و هەرێمدا، ئەمجارە بۆرژوازی کورد، لە جیگای دەسەڵاتی رەهای خۆی، ناچارە ببیتە جیبەجێکاری دەسەڵاتی ناوەندی و راسپارەی بەغدا بەسەر هەرێمدا. ئەوە رەوەندێکی بێ گەرانەوەیە و سەرئەنجام بۆرژوازی کورد ئامادەیە مل بە سیاسەتی بەغدا بدات.

بیگومان هیز گەلی بۆرژوای لە عێراقدا، هیز گەلێکی باشتر یان پیشکەوتنخواز تر و بەدەربەستر لەچاو دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەسەر خەڵکی کوردستاندا نین. وەکیشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، پەیوەندی بە تالانچیتی و دزی و سەرکوتگەری و بیمافی چینی کریکار و جەماوەری ستەم دیدەی کوردستانەوە نییە، بەڵکو کیشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئەوەیە کە هیشتا نوێنەرایەتی بۆرژوازی لە عێراقدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا ناکەن و بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کورد، پیش بەرژەوەندی سەرجەم بۆرژوازی عێراقی دەخەن.

ئەم رەوەندە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت، بەڵام بێ کێشەو گرفت نییە، بەسەرئەنجام گەیشتنی پرۆسیسکە و تەنانەت براوە نییە... چ هیزگەلی بۆرژوازی کورد بەسادەیی مل نادەن و دەیانەوێت لە نوێنەرایەتی زیاتر و خاوەن دەسەڵات بن و روداوەکانی ناوچەکەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەم ئاراستەیە دەبێت... جیا لەوانە هەلومەرجێکی نوێی ئابوری و سیاسی و حقوقی بۆ هەرێم دێتە پێشەوە و چینی کریکار و جەماوەری بیبەشی کوردستان رووبەرووی دۆخێکی تازە و ئەرکی نوێی دەخاتە سەرشان. لەبەشی داهاتوودا... لەو بارەیەوە دەدوێن...

**ماویەتی**

**دەسەڵاتی سیاسی هەرێم رادەستکردنی تەواوەتی دۆسیەی نەوت، داهاتی ناوخۆیی و نانەوتی، وە بە بانقی کردنی موچەی فەرمانبەران و بەستنەوەی بە ناوەندەوە، بەو هەنگاوانە دەزانێت کە تا ڕادەیەکی زۆر کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بەسەر هەرێمدا دەهێنێت...**

# درێژەی: چۆن موچە و مافەکانمان بەدەست بهێنین؟

دەسەڵاتی هەرێم نەوت رادەستی سۆمۆ ناکات، داهاتی نا نەوتی نادات بە بەغدا، خۆی لە پرسی تەوتین دەدزێتەوە، نەوت بە قاچاغ دەفرۆشێت، گرێبەست لەگەل کۆمپانیاکان دەکات بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئەوە هێندەی پابەند نەبوونی دەسەڵاتی هەرێمە بە ڕیکەوتنەکانی لەگەڵ بەغدا، سەد ئەوەندە ستەمە لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتیش موچەخۆران. هەموو ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی هەرێم دەیکات لە فرۆشتنی نەوتەوە بۆ گرێبەستی غاز و بە قاچاغ بردنی نەوت، دەستگرتن بەسەر داهاتە نانەوتی و ناوخۆیی...تاد، لە جێگای ئەوەی ببیتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بیکاری و گرانی و بوژانەوەو پتەوکردنی ژێرخانی هەرێم و زامن بوونی موچە و خزمەتگوزارییەکانی دانیشتوانی، بۆتە مایەی خستنە ژێر قەرزی خەڵکی کوردستانەوە. بی موچەیی و بێخزمەتگوزاری ژیان و گوزەرانی فەرمانبەرانی رووبەرووی سەختی و سەرجەم کۆمەڵگەی لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو بەرەو روو کردووە. جیا لەوانە دەسەڵاتی بەغدا باش دەزانێت ئەوەی نەوت دەفرۆشێت و دەستی بەسەر داهاتەکانی کوردستاندا گرتووە سەرقاڵی گریبەستی ترە و پابەندی ڕیکەوتنەکان لەگەڵ بەغدا نییە، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، نەک خەڵکی کوردستان و فەرمانبەران.

پاساوەکانی بەغدا و پاساوەکانی دەسەڵاتی هەرێم، لە پەیوەند بە زامن نەبوونی موچەی فەرمانبەران پوچ و بێناوەرۆکن. هەوڵەکانی هەردوو لاش بۆ ڕیکەوتن و سازان، پەیوەندی بە پرسی موچەوە نییە، پرسی موچە بۆ دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، پرسێکی روکەشە کە لەسەر پرسە بناغەییەکان رۆنراوە. ململانێی بەغدا و هەرێم، ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازییە لەسەر دەسەڵات و قورغکردنی سامان و داهات، لەهەلومەرجێکی نوێ بە پاساوی تازەوە. دەسەڵاتی هەرێم لە ئێستادا دەیەوێت کەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وەربگرێت و خواستەکانی خۆی بسەپێنێت، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ناوەندی ترسی لەدەسەڵاتی هەرێم نییەو دەزانێت هیچ کارتێکی بەهێزی بەدەستەوە نییە، بۆیە مل بەخواستەکانی نادات و هەرەشەکانی بە هەند وەرناگرێت.

لەو نێوەدا موچەخۆرانی هەرێم و خەڵکی کوردستان نابێ هیچ چاوەروانیەکیان لە دەسەڵاتی بەغداو هەرێم بێت بۆ چارەسەری پرسی موچە، لەجێگای ئەوە پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و بڕیار لەسەر هەنگاوەکانیان بدەن بۆ گوشار خستنە سەر هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم تا پرسی موچە چارەسەر ببێت... هەنگاوی یەکەم لەو راستایەدا، رەتکردنەوەی وەفدی هەرێمە لەگەڵ بەغدا و راگەیاندنی ئەوەیە کە وەفدەکانی هەرێم و بەغدا دوور و نزیک نوێنەرایەتی پرسی وموچەو فەرمانبەران ناکەن. هەنگاوی دووەم وەڵامدانەوەی پاساو و بیانوە پوچەکانی بەغدا و هەرێمە لەسەر پرسی موچە و گەیاندنیەتی بەرای گشتی خەڵکی کوردستان. هەنگاوی سێیەم راکیشانی پشتیوانی بەشە جۆاروجۆرەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە و پشتیوانی رێکخراوە کریکاری و سەندیکا کریکاریی و جەماوەری و پیشەییەکانی دنیای دەرەوەیە. هەنگاوی چوارەم دروستکردنی پەیوەندی و پەرەدانە بە هاوکاری و نیوان موچەخۆرانی کوردستان لەگەڵ فەرمانبەرانی عێراق و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری. هەنگاوی پینجەم دەستدانە کۆبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن لەبەردەم بارەگاو دامەزراوە پەیوەندیدارە خاوەن بریارەکانە. هەنگاوی شەشەم راگەیاندنی مانگرتنی گشتی و لە جوڵە خستنی کۆمەڵگەیە. هەنگاوی حەوتەم گوشار دروستکردنە لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی دەسەڵاتی هەرێم راگرتنیانە، بۆنموونە ریگەگرتن لە دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتیەکان، ریگەگرتن لە تانکەرە نەوتەکان...تاد. هەشتەم لەهەر دامەزراوەیەکدا کە داهاتی هەیە، کەڵک وەرگرتن لێی لەلایەن نوێنەرانی ئەو جێگایانە بۆ خودی فەرمانبەران و بەڕیوەبردنی کاروبارەکانی...تاد... هەرکام لەو هەنگاوانە دەتوانێت ببیتە گوشار و خستنە رووی ئیرادەو توانایی گەورەی خودی فەرمانبەران و کۆمەڵگە کە زۆر گەورەترە لە توانایی حزبەکانی دەسەڵات و کاوێژکارە موچە خۆرەکانیان. گومان لەوەدا نییە ئەگەر فەرمانبەران بە شێوەی رێکخراو سەراسەری و یەکپارچەو هاوئاهەنگ بێنە مەیدان، چ دەسەڵاتی بەغدا و چ دەسەڵاتی هەرێم ناچار دەبن، کۆتایی بە گرفتی پرسی موچە بهێنن و تێکەڵی ململانێی سیاسی نەکەن...

# درێژەی: دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید سیاسییەو دەبێ دەستبەجێ ئازاد بکرێت!

عبدالواحید، سیاسییە و پەیوەندی بە لیدوان و چالاکیەکانی جوڵانەوەی نەوەی نوێ و فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەیەوە هەیە، کە لەچوارچیوەی بەرنامەی ئەم جوڵانەوەیەدا رەخنە لە کارو کردەوەی دەسەڵاتی یەکیتی و پارتی و دەگرێت یان بانگەوازی خەڵک و بەتایبەتی موچەخۆران دەکات لەدژی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و دواکەوتنی موچە و هەڵوێست وەربگرن و بێنە سەرجادە.

پۆلیس و دادگای سلێمانی چەندین جاری تر شاسوار عەبدولواحیدیان دەستگیر یان دەستبەسەر کردووە بە پاساو و بیانوی بوونی سکاڵا لەسەر ناوبراو.... بەڵام هەموو جارەکان ئەو کاتە بووە کە جوڵانەوەی نەوەی نوێ لیدوان یان بانگەوازی بۆ نارەزایەتی خەڵک کردووە، یانیش ئەو کاتانەی کە هەڵبژاردنەکان نزیک بوونەتەوە. ئەوەش ئەو راستیە دەخاتە روو کە دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید، بە وینەی زوربەی هەرەزۆری دەستگیکردنەکانی تری چالاکوان و رۆژنامەنووس و رابەرانی بزوتنەوە جەماوەرییەکان، لە بنەرەتدا دۆسیە بۆ دروستکردن و داتاشینی پاساوە بۆ دەستگیرکردنیان.

ئەگەر شاسوار عبدالواحید بە پاساوی سکاڵای ئەندام پەرلەمانێکی پیشوو، وە هەرەشەوە دەستگیراوە، یان بە پاساوی سکاڵای خەڵکەوە لەسەر موڵک و ماڵ دەستبەسەرکراوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی دادگاو پۆلیس و یەکێتی و دەسەڵات ئەم دۆسیانەیان دواخستووە بۆ ئێستا؟ بۆچی پێشتر لەسەر ئەم کەیسە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرنەچووە؟ یان بۆچی چەندین جاریتر کە دەستگیر کراوە، ئەو دۆسیەیەی رووبەروونەکراوەتەوەو ئازاد کراوە؟ تەنانەت ئەگەر دەستگیر کردنی شاسوار عەبدولواحید وەکو دەوترێت پەیوەندی بە قەرزەکانی ناوبراوەوە هەیە و دادگا بریاری هەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی سامان و موڵکی شاسوار عبدولواحید، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بەم شیوەیە دەستگیر دەکرێت و بۆچی چەندین ساڵە، دادگا ئەم کەیسە یەکلایی ناکاتەوە و ماوە ماوە، بە پاساوی قەرزداری و هەرەشەکردن و ناو زڕاندن، یان نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردنەکان...تاد، دەستگیر دەکرێت.

خۆ ئەگەر بەراستی دادگا و پۆلیس، بریارە لەسەر دزی و هەرەشە و دەستبەسەراگرتنی سامان و داهات و زەوی کەسانی تۆمەتبار دەستگیر بکات، دەبێ چ لەشکرێک لە دزانی حزب و بنەماڵەی دەستڕۆشتو دەستگیر بکرێن؟ دەبێ چەندین هۆڵی دادگا بۆ دادگایی ئەم ژمارە زۆرە دروست بکرێت؟ دەبێ چەند دەهە دادگا خەریکی یەکلاییکردنەوەی ئەو هەموو دزی و تالانی و سەرکوت و هەرەشانە بێت؟.

رۆژانە لە زمانی بەرپرسانی حزبی و حکومی و کاراکتەری سیاسیەوە، تا دەگاتە میدیا و ماس میدیا، بەڵگەی دزی و تالانی ئاشکرا، هەرەشەو چاوسوکردنەوە ....تاد، بڵاودەکرێتەوە، کەچی دادگا و داواکاری گشتی مێشیش میوانیان نییە.


دەستگیرکردنی شاسوار عبدالواحید، سیاسییەوە پەیوەندی بە ململانێی سیاسی ئەو هێزەوە هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، بۆیە دەستگیرکردنی پیشیلکردنی ئاشکرای ئازادی سیاسی و مافی مرۆڤە. ئامانج لەم مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەردوو زۆنی هەرێمدا، بۆ ملکەچپیکردنی نەیارانی سیاسی و لە بنەرەتدا بۆ ترساندنی هەلسوڕاوانی سیاسی و جەماوەری و چالاکوانان و هیرشێکی ئاشکرایە بۆسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە لەسەراسەری کوردستان بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان، لەدژی دزی و تالانی، قوڵپ دەدات.

سەلامەتی جەستەیی و گیانی و شاسوار عبدولواحید لە ئەستۆی دەسەڵاتە و پێویستە دەست بەجێ و بی قەید و شەرت ئازاد بکرێت. ئەگەر بەراستی بەڵگەیەک هەیە بۆ تۆمەتبار بوونی شاسوار عەبدولواحید با لە ریگەی دادگایەکی سەربەخۆ و ئاشکراوە دۆسیەکەی یەکلایی بکرێتەوە، نەک بەپێی ویستی دەسەڵات هەر کاتێک بە پێویستیان زانی، لە ریگای هێزی چەکدارەوە بچنە سەر ماڵەکەی و راپیچی زیندانی بکەن و دۆسیەی پاشەکەوتکراوی بۆ بەدەستەوە بگرن.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و لەپێشیانەوە دادوەرانی ئازاد و ئازا و رۆژنامەنووسان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و بەرگریکارانی ئازادی سیاسی و پێویستە هەموو هەوڵ و رێکارێکی دروست و مەدەنی بۆ ئازادکردنی شاسوار عەبدولواحید بگرنەبەر و رێگە نەدەن بە هۆکاری سیاسی کەس راپیچی زیندان بکرێت.

بۆپێشەوە

١٣/٨/٢٠٢٥



# کوشتنی ڕۆژنامەنووسان نارەزایەتییە جیهانییەکانی دژی قەیرانی مرۆیی غەززە زیاتر دەکات...

نووسینی: توانا حەمە نوری

لەوەتەی شەڕ لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دەستپێکردووە، لانیکەم ٢٤٢ ڕۆژنامەنووس لە غەززە کوژراون، ئەمەش وایکردووە کە ئەم شەڕە ببێتە کوشندەترین شەڕ بۆ پیشەی میدیا لە مێژووی هاوچەرخدا. لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ) پشتڕاستی دەکاتەوە کە ١٨٦ ڕۆژنامەنووس و کارمەندی میدیایی — لەنێویاندا ١٧٨ فەڵەستینی — گیانیان لەدەستداوە، لەگەڵ ١٢٩ بریندار، دوو کەس بێسەروشوێنن و ٩٠ کەسیش دەستگیرکراون. زۆربەی حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلەوە بووە، و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دووەم هۆکاری سەرەکی بووە.

ڕۆژنامەنووسان لە غەززە نەک تەنها ڕووبەڕووی هەڕەشەی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵکو برسێتی و ئاوارەییش. لەگەڵ ئەوەی ٩٠٪ی دانیشتووانی غەززە بە زۆر ئاوارە کراون، پەیامنێران زۆرجار لە خێمە، نەخۆشخانە، یان باڵەخانە بۆمبڕێژکراوەکاندا دەژین. زۆرێک لەگەڵ خێزانەکانیاندا گیانیان لەدەستداوە، و هەندێکیان لە کاتی لەبەرکردنی هێلەکی ڕۆژنامەوانی یان لەناو ئۆتۆمبێلی نیشانەکراو بە "PRESS" کوژراون. گیان لەدەستدانی ئەم دواییەی کارمەندانی کەناڵی جەزیرە - لەنێویاندا شەریف، محەمەد قرەیقە، ئیبراهیم زاهیر، موئمین عەلیوە، و محەمەد نەوفەل - ئیدانەکردنی لەلایەن گروپەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لێکەوتەوە. شەشەم ڕۆژنامەنووس، محەمەد ئەلخالیدی، بەهۆی برینەکانیەوە کە لەهەمان هێرشدا پێیگەیشتبوو، گیانی لەدەستدا.

کوشتنەکان نارەزایەتییان لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا لێکەوتۆتەوە. نزیکەی ١٠٠٠ ڕۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهاندا واژۆیان لەسەر داواکارییەک کردووە کە داوای کۆتاییهێنان بە "پەردەپۆشکردنی زانیارییەکان" لە غەززە دەکات. خۆپیشاندان لە لەندەن، بەرلین، واشنتۆن، و ڕامەڵڵا بەڕێوەچووە، و چالاکوانان داوای دادپەروەری و دەستڕاگەیشتنی بێسنووری میدیاییان کردووە. پەیامنێرانی بێسنوور و لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان بە ئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسانیان بە تاوانی جەنگ ناوبردووە، و داوای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و لێپرسینەوەیان کردووە.

قەیرانە گەورەکەی غەززە ترسناکە. زیاتر لە ٦١،٠٠٠ فەڵەستینی کوژراون، و زیاتر لە ١٥٣،٠٠٠ کەسیش برینداربوون. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیەنێت کە زیاتر لە ١٠٠ منداڵ بەهۆی بەدخۆراکییەوە گیانیان لەدەستداوە، و ٣٠٠،٠٠٠ کەس لە مەترسیی جددیدان. تەنها ١،٥٪ی زەوی کشتوکاڵی غەززە بەردەستە، کە ئاماژەیە بۆ دارمانی نزیکە تەواوی بەرهەمهێنانی خۆراک. کەمیی سووتەمەنی ژیانی زیاتر لە ١٠٠ منداڵی پێشوەختی خستۆتە مەترسییەوە، و بارهەڵگرەکانی یارمەتی زۆرجار پێش گەیشتنیان بە شوێنی مەبەست بەهۆی نائومێدییەوە تاڵان دەکرێن.

سەرەڕای وێرانکارییەکە، هاوپەیمانییەکی گەشەسەندوو لە ڕۆژنامەنووسان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ پێشەوە:

- **کاری یاسایی نێودەوڵەتی:** پارێزەرانی مافی مرۆڤ خەریکی ئامادەکردنی کەیسن بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) بۆ لێکۆڵینەوە لە بە ئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی سڤیل.
- **ئەرشیفکردنی دیجیتاڵی و کۆکردنەوەی بەڵگە:** دەستپێشخەرییە جەماوەرییەکان پلاتفۆرمە لامەرکەزییەکان بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی گرتە ڤیدیۆییەکان، شایەتییەکان، و ڕاپۆرتەکان لە غەززە.
- **هاوپشتی میدیایی جیهانی:** ژوورەکانی هەواڵ لە سەرتاسەری جیهاندا هاوکاری دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی فەڵەستینییەکان، هاوبەشکردنی سەرچاوەکان، و پێشکەشکردنی پشتیوانی دەروونی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.
- **گەنجان و پەروەردە:** لە کەمپی پەنابەران و کۆمەڵگە، گەنجانی فەڵەستینی لە بواری ڕۆژنامەگەری، چیرۆکگێڕانەوە، و میدیای دیجیتاڵیدا ڕاهێنانیان پێدەکرێت.


**چاکسازی سیاسەت و داکۆکیکردن:** چالاکوانان فشار لەسەر حکومەتەکان دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتییە سەربازییەکان بە پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤەوە ببەستنەوە و پشتیوانی لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ڕۆژنامەنووسان دەپارێزن.

لەکاتێکدا جیهان ماتەمینی بۆ ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان دەگێڕێت، میراتی ئەوان لە بانگەوازی بۆ دادپەروەری، ئاشتی، و پاراستنی ئەوانەی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە دەبێت ببیسترێن، بەردەوامە. ڕێگای داهاتوو نەک تەنها لە یادکردنەوەدایە، بەڵکو لە کارکردندایە، بنیاتنانی سیستەمێک کە ڕاستی بپارێزێت، پارێزگاری لە لاوازەکان بکات، و دڵنیابێتەوە کە هیچ دەنگێک بەهۆی جەنگەوە کپ ناکرێت.

**تێبینی: سوودم لە زیرەکی دەستکرد بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاری نێو ئەم وتارە وەرگرتووە.**

# جێگەو ڕێگەی ئەنفالەکان لەنێو دەسەڵاتی ئێستای هەرێمدا

نووسینی: عوسمان محەمەد



لەم ڕۆژانەدا هەواڵی گرتنی تاوانبارێک کەدەستی لەکوشت و بڕو و ئەشکەنجەدانی ئەنفال کراواندا هەبووە لە بەندینخانەی نوگرەسەلمان بەدەستی دەسەڵاتدارانی عێراق، بەناوی عجاج احمد تكريتي، ڕاگەیەنرا. ئەم هەواڵە خەڵکی کوردستانی خۆشحاڵ کرد بەتایبەت کەسوکاری ئەنفال کراوان. لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی کوردستان وەکو پیشەی هەمیشەییان دەستیان کرد بەهات و هاوار و شای لۆغان و هەرچی دەزگای ڕاگەیاندیان هەیە خستیانە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی وەک دەستکەوتێکی زۆر گرنگ باسیان لێوە ئەکرد، بەمەرجێ خۆیان هیچ دەورێکیان نەبووە لەدەستگیرکردنی، ئەم هات و هاوارەی ئەوان جارێکیتر توێژاڵی زامی کەسوکاری ئەنفال کراوانیان خوێ ڕێژکرد و برینەکانیان جارێکیتر تاسەر مۆخ کولاندەوە. ئەمەش نەک لەبەر خاتری کەسوکاری ئەنفال کراوان، بەڵکو بۆ جارێکیتر دەمەزەرد کردنەوەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی کوردی، ئەمانە پێویستیان بەوەیە کەهەموو هەلێ بقۆزنەوە بۆ ئەوەی کاروکردەوە دژی ئینسانیەکانی خۆیان بشارنەوەو درێژە بەدەسەڵاتی نەنگینیان بدەن. ئەوان ئەیانەوێ لەسەر ڕەنج و ئەرکی خەڵکی کوردستان برەو بەسیاسەت و کردەوە دژی ئینسانیەکانیان بدەن، بۆ ماوەیەکیش خەڵکی کوردستان بەم کێشەیەوە مەشغوڵ بکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کەبەم گەرمای هاوینە سکاڵا لەسەر ئەو تاوانبارە بکەن، کەسوکاری ئەنفال کراوان لەخۆڕا ماندوو ئەکەن و ئەیانوروژێنن بۆ کارێکی لەو بابەتە کەسودێکی بۆ دادگا و یاسا نییە، چونکە ئەوە ڕوونە هەرکەسێک کەتاوانێک ئەکات دادگا پێویستی بەدوو شایەت زیاتر نییە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کەئەم کەسە تاوانبارە. زۆر لەئێمە دادگامان بینیووە، هەر تاوانبارێک ئەگەر یەک کەس شایەتی لەسەر بدات ئەوە ئەتوانێ ئینکار لەو کارە بکات کەکردوویەتی یان ئەیدەنە پاڵی، بەڵام کاتێک بوو بەدوو شایەت ئیتر ئینکارکردن هیچ سودێکی نامێنێ، ئیتر بۆچی ئەم هەموو خەڵکە ماندوو ئەکەن ئەگەر شای لۆغانەکەتان بۆ خاتری دەمە زەردکردنەوەی سیاسەت و پراکتیکە دژی ئینسانیەکەی خۆتان نەبێ. ئێوەی دەسەڵاتداران هیچ شتێک لەبەرخاتری خەڵک ناکەن، تەنها مەبەستان درێژەدانە بەدەسەڵاتی نەگریسی خۆتان، بەڵام بەداخەوە خەڵکێکی زۆر بۆتە قوربانی ئەم سیاسەتەی ئێوە، ئەم هات و هاوارە لەگشت کوردستان وەک یەک شای لۆغانی بۆ ناکرێ، ئەمەش لەبەر خاتری چاوی کاڵی خەڵک نییە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە(٤٢٣) تۆمەنباری ئەنفالەکانتان لەلایە زیاتر لە (٧٠٪) لەزۆنی زەردن و لە (٣٠٪) لەزۆنی سەوزن، ئەمە بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەوانەی کەتایبەتمەندن بەکەیسی ئەنفال، ئەم ژمارە لەتۆمەتبارە تائێستا، نەک لەگوڵێک کاڵتریان پێ نەوتراوە، بەڵکو زۆریان پلەوپایەی بەرزیان هەیە لەحیزب و لەحکومەتدا، ئەوانەش کەپلەوپایەیان نییە مانگی چەندین ملیۆن دینار دیوەخانانە وەرەگرن. زۆر سەیرە کەبەشێک لە خەڵکی کوردستان بێدەنگن لەئاست ئەم هەموو کاروکردەوە دژی ئینسانییە، هەر لەم دەسەڵاتەدا ئەوانەی کەگیانی خۆیان کردە قوربانی موچەکانیان نیوەی ئەو بەکرێگیراوانە!! نییە کەلای یەکێتی و پارتی موچەیان هەیە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بەجدی بەدوای کەیسی ئەنفالەوەیە بابێت ئەوانە دادگایی بکات کەتاوانبارن و لای خۆیان داڵدەیان داون. لەماوەی ئەم سی و چوار ساڵەدا دەیان و سەدان نارەزایەتی لەسەر ئەو مستەشار و جاشانە!! کراوە بەڵام گوێتان لێ کەڕ کردووە.

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## هەلومەرجی نائەمنی لە کوردستان و باوەشێنکردنی هەستی تایفی و قەومی

### بەڕێز عومەر ئەمین وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە

پرسی ڕۆژ: هەلومەرجی نائەمنی لەکوردستان وباوەشێنکردنی هەستی تایەفی و نەتەوەیی؟

ڕووداوی دڵتەزێنی ٦ی ئاب ٢٠٢٥ لەشاری هەولێر، کەبە ڕووداوی کوشتنی ٣ کەس لەبەنزینخانە ناودەبرێت. ئەم ڕووداوە و ڕووداوی کوشتنی ئاری چایچی لەسلێمانی وکوشتنی نارازیەک لەسەر ئەوەی داوای کارەبای کردووە لەسنووری پارتی و هەڵکوتانە سەر پارێزەرێکی نارازی لەهەولێر لەسەر کۆمێنت نووسینی لەسەر سەرۆک وەزیرانی کوردستان و...تاد، دەیان وبگرە زیاتریش لەو تاوانانەی دەرهەق بەهاوڵاتی ئەم هەرێمە دەکرێت، ئاماژە بەوە دەکەن کە پرسی نائەمنی بوونی خەڵک لەژیان و گیانی خۆی لەژێر ترس و دڵەڕاوکێدایە. ئاماژەشە بە هاتنە خوارەوەی ئاستی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان لەلایەنەکانی (خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و ڕێگەوبان و خزمەتگوزاریە هەنووکەیی و پێویستیەکانی وەک ئاو وکارەبا...تاد). تەنانەت چونە ناو قەیرانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری.

بەڕێز ئۆمەر ئەمین وەڵامی پرسی ئەم ژمارەیەی داینەوە.

پرسیاری پرسی ڕۆژ: ئەم جۆرە ڕووداوانە و لێکەوتەکانی و ئەو شێوە ڕێگەچارانەی دەستی



بۆدەبەن، نابێتە هۆکاری باوەشێنکردنی نەعرەتەی تایەفی و نەتەوەیی و هەڵکشانی جیاکاری نەتەوەیی لەنێوان هاوڵاتیانی نەتەوە جیاوازەکان بۆ سوود وەرگرتنی دەسەڵاتداران لەبەغدا و هەولێر و خواردنی نان و ئاو پێوەی؟ بەڕای ئێوە لێکەوتە و چارەسەرەکان چین؟

ئۆمەر ئەمین: تیشکێک لەسەر ئەو ڕوداو و پێشهاتانەی لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوبەڕووی هەر تاکێک دەبێتەوە، بەداخەوە نا ئومێد بوون چەندان کارەساتی دڵتەزێن دەبیستین هەر لە کوشتنی ژنان و بێکاریی کرێکاران و بێئومێد بوونی دووکاندارو کاسبکاران وای کردووە ڕۆژانە گوێبیستی چەندان هەواڵی جەرگبڕو ناخۆشی کوشتن وتاوانی جیاجیا ببینەوە. ڕەشە کوژی بێبایەخی بەرانبەر بەژیانی خەڵکی بەنموونە. ئەوڕوداوە ی بەنزیخانەکەی شاری هەولێر بە بەرچاوی خەڵکەوە بەچەند چرکە یەک ٣ کەس خەڵتانی خوێنکران، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێسەرو بەریەو پاشاگەردانەیەی کە دەسەڵاتی کوردی بەئەنقەست و بەمەبەست دروستیان کردووە بۆ مەرامی خۆیان و لەبیر چوونەوەی قوت و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بەشمەینەت وەکو مووچەو بژیوی ژیانی خەڵکی، کەبۆماوە ی ١٠٠ ڕۆژە تەنها مووچەیاکیان داوە بەموچەخۆران. ئەو نابەرابەریە ئەوەمان پێدەڵێت دەسەڵاتی میلشیاگەرو داپڵۆ سێنەری کوردی هیچ باکیان بە ژیانی خەڵک نیە، و هەموو ئەو ڕوداوە دڵتەزێنانەی ڕوودەدەن هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەزەحمەتبوون و نەمانی بژێوی ژیانی خەڵکی کە جۆرەها کاردانەوەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

***************

# من عاشقی کچەکەی مەسعود پزیشکیانم..!

## دیار بەرزنجی

بێخود نییە، کەدەوترێ ئێران هاوشانی فەڕەنسا مەترەحن بۆشۆڕش و گۆڕانکاریی جیهانی، چاوەکان هەمیشە لەسەرئێران و فەڕەنسان، دوو کۆمەڵگەی بەواتای وشە مۆدێرن و کراوەو ژینگەو ژیاندۆستن،



مەنسوری حیکمەتیش ئەڵێ ئێرانییەکان حەزیان لەژیانە! ئەمە بەواتای ئەوە نییە خەڵکانی غەیرە ئێرانی و فەڕەنسی دژە ژیانن، وەلێ ئەو دوو وڵاتە، ئێران وفەڕەنسا، بوونەتە ئاڵاهەڵگری ژیاندۆستی و یەکسانی وبەرابەرخوازی! من بۆچی عاشقی کچەکەی مەسعود پزیشکیانم؟ ئایا: دیوومە؟ ئەیناسم؟ ئەمناسێ؟ منی دیووە؟ نەخێر!... من عاشقی ئەو بوڵەبوڵ و شەڕەقسانەی کچەکەی پزیشکیانم، کە ڕەتیدەکاتەوە حیجاب بپۆشێ و دەستورو نەزمی ئیسلامی ناموتەعەلیق بەژیانی ئینسان بکاتە مەرجەع بۆژیان وهەڵسوکەوتەکانی! ئەی ئافەرین (گیۆزەل گز) باوکت لەلوتکەی دەسەڵاتی ئێراندایە، و بەجۆرێک تین وتاوت بۆهێناوە، ناچاربووە تۆ بکاتە تایتڵی وتارێکی لەبەردەم دەیان مەلای توڕەو کۆنەپەرستداو هەراو هاوار لەناودڵ ودەروونی حەوزەی قوم بەرزبێتەوە، و کارێکت کرد ڕەنگە سەری باوکیشت بەباد بدەیت، کەئێستا چەند پەروەندەیەک لەدژی درووستکراوە، لەپای ئەوەی باسی لەحیجاب نەکردنی تۆکرد!

******



# بلاكستۆن خەڵك بێخانە ئەكات و ترامپیش سەرباز بۆ زیندانیكردنیان ئەنێرێت

## نووسینی: عامر سابیر

كۆمپانیای بلاكستۆن (بەردی ڕەش) كۆمپانیایەكی گەورەی ئەمریكییە و سەرمایەكەی یەک پۆینت دوو (١،٢) تریلیۆن دۆلارە و داهاتی سالآنەی ٧ بۆ ٨ بلیۆن دۆلارە. لە سالّی ٢٠٢٢ دا ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕاپۆرتێكی لە بارەوە بڵاوكردەوە(١) كە ئەم كۆمپانیایە خەریكی كڕینی ئاپارتمان و خانووە بەتایبەت لە گەڕەكە كرێكاریی و هەژارنشینەكانی شارەكانی ئەمریكادا و لە ئێستادا تەنها لە ئەمریكادا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار یەكەی نیشتەجێبوونی هەیە و داویەتی بەكرێ. هەر ئەم كۆمپانیایە هەمان شت لە ولاتانی تریشدا ئەكات و لە ئێستادا لە (ئیسپانیا)شدا خاوەنی ١٠٠ هەزار یەكەی نیشتەجێبوونە و داویەتی بەكرێ.

كە پەتای كۆرۆنا لە دیسەمبەری ٢٠١٩دا لە چین سەریهەڵدا و لە مارتی ٢٠٢٠دا گەیشتە وڵاتانی دونیا. سیستەمی سەرمایەداری و بلوێنێرەكانی ئەم قەیرانەیان قۆستەوە و چەندەها تریلیۆن دۆلاریان چاپكرد. بۆ نموونە لە سەرەتای كۆڤید نۆزدەوە تا مارسی سالّی٢٠٢١ ، تەنها وڵاتانی (جی حەوت) سیازدە تریلیۆن و نیو دۆلاریان چاپكرد و كردیانە بازاڕەوە كە لە ئەنجامدا نزیک بە هەموو ئەم پارەیە كەوتە گیرفان و بەردەستی بلیۆنێر و كۆمپانیا گەورەكانەوە. ڕێكخراوی ئۆكسفام كە ڕێكخراوێكی چارتی بەریتانییە و سالآنە داتاكان لەسەر قلّشتی چینایەتی بڵاوئەكاتەوە، ئەڵێ؛ لەسەرەتای هاتنی كۆڤیدەوە (مارسی ٢٠٢٠) تا (مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٢١) دە دەوڵەمەندترین پیاوی دونیا سەروەتەكەیان لە ٧٠٠ بلیۆنەوە بەرزبۆوە بۆ تریلیۆن و نیوێک. ئێستاش كە كۆڤید تەواو بووە تەنها لە سالّی ٢٠٢٤دا بلیۆنێرەكان دوو تریلیۆن دۆلار سەرمایەكەیان چووە سەرەوە كە لە ١٣ تریلیۆنەوە بووە بە ١٥ تریلیۆن.

بلوێنێر و ملوێنێرەكان كە ئەم هەموو پارەیەیان كەوتۆتە ژێر دەستەوە، بەشێكی بەكارئەهێنن بۆ كڕینەوەی پشكی كۆمپانیاكانی خۆیان و بەمە بەهای كۆمپانیاكانیان بەرزئەكەنەوە و بەشێكی تریشی بۆ كڕینی (پرۆپتی) ماڵ و خانوو و ئاپارتمان و بینا و ئۆفیسەكان بەكارئەهێنن. ئەوان كە (١٪ی دانیشتوانن) كە لەسەر حیسابی چینی كرێكار و بەشی زۆری دانیشتوان پارەیەكی خەیالّی دراوە پێیان و كەوتۆتە لایان، بەو پارەیە خانوو و ئاپارتمان ئەكرن، بەمە نرخی خانوو زۆر بەرز ئەكەنەوە و ئیتر كڕینی خانوو لە توانای نەوەی كرێكاراندا ناهێڵن و نەیانهێشتووە تا بیكڕن. وە كە خۆیان بوون بە خاوەنی ڕێژەیەكی زۆر و بەكرێ دایانەوە بە كرێكاران، ئیتر هەر خۆیان بڕیار بەدەستن و بە ئارەزووی خۆیان كرێ بەرزئەكەنەوە و چینی كرێكار و ٦٠٪ خوارەوەی دانیشتوان زیاتر ئەدۆشن و چینی مامناوەند تەفروتونا ئەكەن و لە هەژاریدا نوقمیان ئەكەن. سەیركەن بەپێی ڕێكخراوی (ماركێت وۆچ) لە ئەمریكادا كرێی خانوو لە سالّی ٢٠٢٠ ەوە تا ئەمسالّی ٢٠٢٥ بە ڕێژەی ٤٣٪ چۆتە سەرەوە، وە كرێی ئاپارتمان (شوقە) بە ڕێژەی ٢٩٪ بۆ ٣١٪ چۆتە سەرەوە. لە كاتێكدا كرێی كرێكار لە هەمان ماوەدا بە ڕێژەی تەنها ١٥٪ بۆ ٢٠٪ چۆتە سەرەوە.

لەكاتێكدا بلوێنێرەكان و كۆمپانیاكانیان خەڵك هەژار و بێ خانەولانە ئەكەن و ژمارەی ئەوانەی كە ناتوانن خانوویان هەبێت یان ناتوانن كرێی خانوو بدەن لە هەڵكشاندایە و كرێكاران و هەژاران ناچار ئەكەن كە لەسەر شەقامەكان لە خێمەدا شەوبكەنەوە. لە لایەكی تریشەوە بلوێنێرێكی تر كە ناوی (دۆناڵد تامپ)ە كە لە ئەنجامی فراوانبوونەوەی قلّشتی چینایەتی و خۆشخەیالّی كرێكاران بۆوە بە سەرۆک، لە ١١/٨/٢٠٢٥دا لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا(٢) ڕایگەیاند كە لە هەنگاوی یەكەمدا پایتەخت (واشنتۆن دی سی) لە بێ خانەولانەكان (هۆملێس پیوپڵ) پاكئەكاتەوە و ئەوانی بە تاوانبار و هۆكاری ئەنجامدانی تاوان ناساند. ئەمە لە كاتێكدا بەپێی داتاكانی پۆلیس ژمارەی تاوان لە ئێستادا نزمترینە لەچاو سی سالّی ڕابردوودا و تەنها لە ٢٠٢٥دا ڕێژەی تاوان ٢٦٪ كەمیكردووە و ڕێژەی كوژراوان ١٠٪ كەمی كردووە. ترامپ ڕایگەیاند كە ٨٠٠ سەرباز و پۆلیس و هێزی فیدراڵ ئەنێرێ بۆ پاككردنەوەی شار لە بێخانەولانەكان.

ئەم بڕیارەی ترامپ لەگەڵ نارەزایەتی و خۆپیشاندان و تووڕەی خەڵكی واشنتۆن دی سی و سەرۆكی شارەوانی بەرەوڕوو بۆتەوە.

سەرمایەداری تاوانی لێئەچۆڕێ، غەزە وێران ئەكات و سەدان هەزار ئەكوژێ و خۆراک و خواردن ئەبڕێ، وە كاتێكیش كە برسییەكان لەسەرەدا ئەوەستن، بەر گوللەیان ئەدات و ئەیانكوژێ. لە ئەمریكاشدا كرێكاران هەژار ئەكات و ئەیانكاتە بێخانەولانە و كە فڕێدرانە سەر شەقام، سەرۆک سەربازیان بۆ ئەنێرێ و زیندانیان ئەكات.

**تێبینی:**

١

Blackstone Company

https://www.nytimes.com/2022/02/16/business/blackstone-real-estate-acquisition.html

٢

**لە ١١/٨/٢٠٢٥دا دۆناڵد ترامپ لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا پلانی هێرشی بۆ سەر بێ خانەولانەكان ڕاگەیاند،**

https://www.youtube.com/watch?v=wySv9bWVCwg

١٣/٨/٢٠٢٥

# دوای نۆ ساڵ بەسەر تیرۆركردنی وەدات حسێن دا، بكوژانی ئاشكرا نەكراون!!

١٣ ئابی ٢٠١٦ رۆژنامەنووس وەدات حسێن لە ناوجەرگەی شاری دهۆكدا، لەلایەن چەند چەكدارێكەوە، ڕفێنراو پاشان بەبرینێكی سەختەوە لەسەر ڕێگای سومێل- دهۆک جەستەی زامدارو لەخوێن هەڵكێشراوی دۆزرایەوە، پاشان لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

١٣ ئەم مانگە نۆ ساڵ بەسەر ئەم كردەوە تیرۆریسیەدا تێپەربوو، كەچی تا ئێستا بكوژ و نەخشەدارێژەری ئەم رفاندن و تیرۆكردنە، وەكو باقی تیرۆرەكانی تری رۆژنامەنووسان،



ئاشكرا نەبووە.


دوا نۆ ساڵ لە تیرۆری رۆژنامەنووس وەدات حسێن، دەزگاكانی حكومەت!! و دەسەڵات، نە سەرەداوێكی ئەم تیرۆرەو نە تاوانبارێكی ئاشكرا نەكردووە، لەكاتێكدا هەر ئەو دەزگایانە بۆ سەركوتی رابەرانی جەماوەری و خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی نەیارانی دەسەڵاتیان، چاوتیژ و تیژڕەون و لەماوەیەكی كەمدا روداو و دۆسیەی زۆر ئاڵۆز لە رێگای دەزگا و جاسوسیەكان و پیاوە نۆكەرەكانیانەوە، ئاشكرا دەكەن و دەدۆزنەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات كە خودی دەسەڵات ئاگاداری ئەم پیلانە چەپەڵەی تیرۆرەو لەژێر باڵی ئەوان بەدەستی خۆیان یان بەئاگاداری ئەوان، ئەنجام دراوە. بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و ئەو هێزانەش كە بانگەشەی بەرگری لە ئازادی و رۆژنامەنووسان دەكەن و لەهەموو شارەكانی كوردستاندا بوونیان هەیەو دەتوانن كاری دۆزینەوەو ئاشكراكردنی تۆمەتباران ئەنجام بدەن، بێدەنگەیان هەڵبژاردووەو ئامادەنین، بەكردەوە خۆیان بكەنە خاوەنی ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بە ئازادی و ئازادی كاری رۆژنامەگەرییەوە هەیە. ئەوەی دەنگی نەفرەت و تورەیی بەرووی ئەم پلانەدا بەرزكردۆتەوە یان خەریكی ئیدانەو چالاكی و بەدواداچوونە، ژمارەیەكی كەم رێكخراوەی مەدەنی دەست كورت و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ویژدان زیندووی نەكڕدراو كەڕ نەكراون و كوێرنەكراون. دۆسیەی وەداد و تەواوی رۆژنامەنووس و هەڵسوراوانی سیاسی و ئازادی و قوربانیانی، دۆسیەكی كراوەیەو تا سەر دیزە بەدرەخۆنە ناكرێن و ناشاردرێنەوە، رۆژێک دێت، تۆمەتباران و نەخشە دارێژەرانی پشتیان، توشی لێپێچینەوەی عەدالەتخوازی بكرێن، ئەم رۆژە هەر دێت.

**************

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ریبوار حەمە شەریف



# هونەر بۆ هونەر یان هونەر بۆ مرۆڤایەتی

## نووسینی: نەجم محەمەد

لەسەر بیرۆکەی هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ مرۆڤایەتی وگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەلێ مشتومڕکراوە، لەڕاستیدا

سەرچاوەی بیرۆکەی هونەر بۆهونەر دەگەڕێتەوە. بۆسەردەمی ڕۆمانسیزمی فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەهەمدا شاعیرە ناسراوەکانی وەک تیۆفیل گۆتیرو چارلز بۆدلێر یەکەمین کەسانێک بوون کە بۆ یەکەمجار ئەم بیرۆکەیەیان بەشێوەیەکی فەرمی باس کرد. تیۆفیل گۆتیر بەتایبەتی لە دیباجەی ڕۆمانی (مامانزێل دومۆپن) داباسی ئەوەی کرد کەهونەر پێویستی بەهیچ جۆرە پێویستیەکی ڕەهەندی نییە، هونەر هیچ سوودێکی نییە شتی جوان خۆی سوودەکەیەتی.

گۆتییێر دژی ئەو بیرۆکەیە بوو کە "هونەر پێویست ناکات فێرکاری یان سوودی کۆمەڵایەتی هەبێت، بودلێر لە شیعر و ڕەخنەیدا هونەری بەئامانجی خۆیی ناوبرد. لە شانۆ و وێنەکێشانی ئینگلتەرا، ئۆسکار وایڵدو جەیمس مکنێل ویسلەر ڕایانگەیاند کە هونەر تەنیا پێویستە "جوان" بێت، نەک پەیامبەرێتی بکات. وایڵد دەیگوت: هەر هونەرێکی بەرچاو بێزارکەرە (واتا خاوەن ڕەوتێکی سەربەخۆیە).

پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بزووتنەوەی ئەستێتیزمی ئینگلیزو ڕۆحی خوێندکارانی بلۆمزبێری ئەم بیرۆکەیان گەیاندە لووتکە. ئەوان هونەریان بەتە نها لەڕووی جوانیەوە هەڵدەسەنگاند. هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە پێیان وابوو کەهونەر تەنیا خۆی خزمەت بەخۆی دەکات، ئەمەش بەو واتایەی ئەوەی کەهونەر هیچ ئامانجێکی دەرەکی نییە و تەنیا بۆجوانیەکەی خۆی دروست دەکرێ. فەلسەفەی هونەر بۆ هونەر، هونەر بێ سنوور، بێ ئامانج، تەنیا بۆ ئازادی ڕەنگ و فۆڕمە. ئەمەش وەڵامێکی فەلسەفی بوو بەرامبەر بەهونەری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەخوازی، بەڵام لە سەدەی٢١ەمدا، زۆرێک پێیان وایە هونەری پاک بوونی نییە، چونکە هونەر هەمیشە لە کۆنتێکستی مرۆڤایەتیدا درووست دەبێت. ئۆسکار وایڵد: هونەر ئەوەندە بێ سوودە کە هونەر لە بێسوودییدا مەعنا پەیدا دەکا.

کلێڤ بێڵ (هونەرناسی): بانگەشەی حیسێکی هونەریی سەربەخۆی کرد, کە تەنیا فۆڕمی جوانی دەناسێت. ئەم فەلسەفەیە هونەر وەک بەهایەکی سەربەخۆ دادەنێت، بەبێ پەیوەستبوون بە مەبەستی دەرەکییەوە خۆبەڕێوەبەری هونەر و هونەر پێویست ناکات پەیامێکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی بگەیەنێت.

فۆڕم، ناوەڕۆک: گرنگیدان بە تەکنیک، ڕەنگ، پێکهاتە، نەک بەسەرهاتی چیرۆک.

هونەر وەک ئامانج: دروستکردنی هونەر خۆی ئامانجە، نەک وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری ئیمانوێل کانت ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزی سوودی بێ ئامانجی کە تێیدا جوانی خۆی خاوەن بەهایە و پێویست ناکات خزمەتگوزاری بێت.

ئایدیالیستی ئەڵمانی (وەک شیللەر): هونەری وەک ڕێگایەک بۆ ئازادی ڕۆحی، دوور لە داواکارییە ماددییەکان. جیاکردنەوەی هونەر لە ژیان: هونەر وەک جیهانێکی سەربەخۆ سەیر دەکات کە یاسای خۆیی هەیە.

مارکسیزم پێ ی وایە کە: هونەر "ئامرازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە، نابێت بێلایەن بێت (ترۆتسکی دەڵێ: هونەر بۆ هونەر خیانەتە بە کۆمەڵگە!). ودوورکەوتنەوەیە لەکێشە ڕاستەقینەکانی مرۆڤایەتی. برێخت پیی وایە کەهونەر ئامرازێکی شۆڕشگێڕانەیە.

پۆست مۆدێرنیزم (وەک ئادۆرنۆ): هیچ هونەرێک لە کۆنتێکست نابێتەوە، هونەر هەمیشە پەیوەستە بە دەورووبەری سیاسی/ کۆمەڵایەتییەوە. لیۆ تۆڵستۆی (نووسەری ڕوسی) ڕەخنەی لەم بیرۆکەی هونەر بۆ هونەر گرت و گوتی: "هونەر پێویستە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات.

لە کوردستانیشدا، ڕەخنە هەیە کە ئەم بیرۆکەی هونەر بۆ هونەر، لە کێشە ڕاستەقینەکانی خەڵک دووردەکاتەوە

من لام وایە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەر بیرۆکەیەکە لەخزمەت نیزامی سەرمایەداری و چینی دەسەڵاتداردایە، تاهونەریش وەک کاڵایەک بەکاربهێنن لەپێناو بەرژەوەندەیەکانی خۆیاندا وتا لەڕێی هونەرەوە خەڵکی بدەن وخەڵکی سەرقاڵکەن بە بابەتە لاوەکی یەکانەوە.

هونەر مرۆڤ دایهێناوەو لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤە لەمرۆڤەوە بۆکۆمەڵگەیە، ناکرێ هونەر داماڵیت لە پەیامە مرۆییەکەی بەبیانووی بیرۆکەی هونەر بۆهونەرو جوانناسی.

ناکرێ دونیایەک ناعەدالەتی وبرسێتی ونەداری وبێ مافی وستەم لەکۆمەڵگەدا هەیە، هونەر نەیبینێ و پەراوێزی بخا.

هونەر دەبێ هاوکات لەگەڵ ڕەهەندە جوانناسیەکەیدا گرنگی بەرەهەندە مرۆیی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکەشی بدرێت. نموونەیەکی زیندوو ئێستا غەزە بۆتە وێرانەو برسێتی ومەرگ ودوانەیەکی ڕۆژانەی خەڵکی غەزەیە. نزیکەی ٦٠ هەزار مرۆڤی سڤیلی بێ تاوان کوژراون، تۆ ئێستا هونەرمەندێک بیت لە غەزەدا بیت و هونەر بکەیت چۆن هونەرێک دەکەی، تۆ ئەگەر شێوەکار بیت وێنەیەکی سرووشتی تجریدی بکەیت، لەویرانەدا یان وێنەی باڵەخانەیەکی جوان یان وێنەی کیژێکی جوان بکەیت لەوفەزای ئێستای غەزەدا، ئایا گونجاوە یان تۆ ئەکتەر بیت بێیت شانۆیەکی کۆمیدی بکەیت یان شانۆی بنەماڵەیەکی بۆرژواو ئۆرسۆکراتیەت نمایش بکەیت، ئایا گونجاوە یان تۆ گۆرانیبێژ بیت ئا لەو فەزای ئێستای غەزەدا گۆرانی بەسەر سینگ وبەرۆکی ئافرەتدا بڵێیت وگۆرانی شادو پڕ سەما بڵێ ی، ئایا گونجاوە؟ وەڵام نەخێر گونجاو نییەو گەر لەئێستادا هونەری لەوجۆرە لەم فەزای ئێستای غەزەدا ئەنجامدەی ڕەنگە خەڵکی غەزە بەرد بارانت کەن. کەواتە بیرۆکەی هونەر بۆهونەر بۆ جوانناسی بیرۆکەیەکی لۆژیکی و واقیعی نییە، و لەخزمەت مرۆڤایەتیدا نییە وخۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی مرۆیی...



# تەنزە

## باران

یەکەم/

ـ "ئەوە چییە برادەر گیان، خۆ دیسانەکێ پاپۆڕەکەت غەرق نەبووە"

ـ "شاڵڵا وابوایە"

ـ "هەی هاوار بە ماڵم هەی، چی قەوماوە؟"

ـ "هەموو خەوە تازەکان غەرق بوون"

ـ "خەوی چیی.. مەخسەدت چییە؟"

ـ "داخی گرانم، ئەم کاول بووە هەر خەوی تازەی تیامابوو جاروبار ئەمانبینین، بەڵام خێڵی پارتی و خێڵی یەکێتی خەوە تازەکانیشیان برد بۆ خۆیان"

ـ "یەعنی چۆن چۆنیی؟"

ـ "سوێندت لەسەرم نییە ئەو خەوەی ئەمشەو بینیم، حەفتەی ڕابردوویش کتوومت عەینەن خەوم بینیبوو!"

دووهەم/

ئەوانەی لە کاتی قسەکردندا هەر جۆرە سوێندێکیان خوارد، سوور بزانن درۆ ئەکەن، قسەی ڕاست پێویستی بە سوێند نییە، پەنابردن بۆ سوێند هەوڵێکە بۆ نانەوەی داوی درۆ.

سوێند بە الله، یەکێکە لەو دەستەواژە نوێیانە، کە مەلا و بانگخوازە ژنبازەکانی باشووری کوردستان هاوردەیان کردووە، بۆ ئەوەی تێهەڵکێشی زمانی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن، وەک ئەوەی زمانی کوردی خێر و سەدەقەی پێبشێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە سوێند خواردن لە نەزەر خودی اللەوە کەراهییەتی هەیە.

درۆکانی ئەمڕۆی خەڵکیی ئەوەندە زل و زەبەلاحن (بە گیانی تۆ) و (بە چاوی تۆ) دادیان نادات، بۆیە بە ناچاریی بە (لا)ئێکی قەبە و قورس ئەڵێن سوێند بە ئەڵڵا، یان جەماعەتێ درۆزنی تر هەن ئەڵێن بە گۆڕی شەهیدان، هەر کەس ئەوانەی گوت، ئەوە بزانن درۆی (کبیرة) ئەکات نەک (صغیرة)

ئەوجا چەند ناشرینیشە، ئەو کەسەی بە جلی کوردییەوە بڵێت سوێند بە الله، کە ڕۆژ نییە چەند جارێک گوێمان لەو دەستەواژە نوێیە نەبێت.

**ئارام حەسەن**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان ڕێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای ڕەسام، ڕێبوار حەمە شەریف

# خوێندنەوەیەك بۆ هۆنراوەی" گۆشە ونەكان" ی سەلام سەعید

## شرۆڤەی: دیاکۆ

ئەم شیعرە سەلام سەعید... تێکەڵەیەکی هەستبزوێن و نایابە لە هەستێکی قووڵی تەنیایی، ترس، گەڕان بەدوای پەناگەیەک و ئاگاداری بۆ بێدەنگییەکانی ناوخۆی و جیهانی دەوروبەری. لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی ورد دەکرێتەوە:

**پێکهاتە و شێواز:**

بیرۆکەی سەرەکی (گۆشە ونەکان) ناونیشانەکە خۆی هێمایەکی بەهێزە. "گۆشە ونەکان" ڕەنگە ئاماژە بێت بە شوێنە شاراوەکان، پەناگە نادیارەکان، یان تەنانەو بۆشاییە نادیارەکانی مێشک یان دڵی شاعیر.

خشتە (ڕیزبەندی) شیعرەکە بە شێوەیەکی خۆڕایی دەچێت، بەڵام لە دوو بەشدا پێکهاتووە بەشی یەکەم گەڕان بەدوای پەناگەیەک و خەونەکەی دەردەخات، بەشی دووەم ڕووبەڕووی زستان (ڕاستەوخۆ یان هێمایی) و ترسەکانی دەبێتەوە.

شانازیی زمانی، زمانەکە سادە و ڕاستەوخۆ، بەڵام پڕ لە هێما و وێنەی هەستبزوێن ("ژێر باڵی ورتە ورتی ئاسودەیدا."گۆنای چڵێ لەشەونم بۆن ڕێژ کەیت. ڕەنک خۆڵەمێشیەکانی زستان، بالیفەکەم قاچەکانم داناپۆشی. سەرما هەموو جەستەم بزمار ڕێژ ئەکا. وشەی ڕێژ کەیت/ڕێژ ئەکا جارێ دووبارە دەبێتەوە و هەستی جوڵە و لاوازی جەستەیی دەنوێنێت.

**٢. هێما و وێنە:**

باخچە و ۆزت (دار) هێمای پەناگە، ئارامی، ئاسودەیی، سەلامەتی و پەیوەندی لەگەڵ سروشت. شاعیر خەون بە پەناگرتن لە ژێر باڵی دارێکەوە دەبێت، کە وێنەی پەناگرتن و پارێزگارییەکی ئارامبەخشانەیە.

زستان و سەرما هێمای تەنیایی، ساردیی دەروونی، ناتەواویی، مەترسی و مردن. ڕەنک خۆڵەمێشیەکانی زستان وێنەیەکی نایابە بۆ تاریکی و کپکردنی هەستی زستان.

پاڵتۆ نەبوون و بالیفە (سەکۆ) هێمای بێئامادەکاری، بێ پاراستنبوون و لاوازی لە بەرامبەر هەوڵە نەخوازراوەکانی ژیان (سەرما). بالیفە بە تایبەتی هێمای پاراستنی ناتەواو و ناتاقەتە.

هەنگاو و ڕێ هێمای بەردەوامبوونی گەشتەکەی ژیان، بەڵام لەگەڵ هەستێکی بەهێزی لاوازی جەستەیی و دەروونی (بزمار ڕێژ ئەکا).

ژورە شێدارە هێمای جیهانی نایاسایی، نادیار، ترسناک یان تێکەڵاو کە شاعیر دەترسێت بێتە ناوی یان لەناوی دا ون ببێت.

خەیاڵییەکەیدا (باخچە) دەتوانێت بە ئازادی بیانلێت.

**٤. لایەنە هونەرییەکان:**



گۆشە ونەکان

لەوەتەی هەم
ئەمەوێ بەئازادی بڵێم
بەیانیت باش.
بە باخچە بڵێم ئەتوانی لەنسێی
ژێر باڵی ورتە ورتی ئاسودەیدا.
گۆنای چڵێ لەشەونم بۆن ڕێژ کەیت
ئەوەتەی بیرم بێت،
ئەزانم هەمو ئێوارە ڕەنگ
خۆڵەمێشیەکانی زستان
بەسەرمام وتوە تکایە ئاگاداربە،
بالیفەکەم قاچەکانم داناپۆشێ.

بەبام وتوە پاڵتۆم نییە،
تکایە ئاگاداری هەنگاوەکانم بە.
ورد ڕێ ئەکەم سەرما هەموو جەستەم
بزمار ڕێژ ئەکا.
ئەگەر هاتی ژورە شێدارەکەم نەکەوی
.

سەلام سەعید

**٣. هەست و بارودۆخی دەروونی:**

تەنیایی و گەڕان بەدوای پەناگەیەک. هەستێکی بەهێز لە تەنیایی و بێ پەناویی هەیە. خەونەکە بۆ باخچە و دار ئەم پەناگەیە دەردەخات.

ترس و لاوازی، شاعیر هەست بە ترس و لاوازی جەستەیی و دەروونی دەکات (تکایە ئاگاداربە پاڵتۆم نییە، تکایە ئاگاداری هەنگاوەکانم، "بزمار ڕێژ ئەکا). هەست دەکات کە بێ ئامادەیە بۆ مەترسییەکانی دەرەوە (زستان/ژیان).

هۆشیاری و ئاگاداری. زستان (یان ژیان) بە شێوەیەکی هەست بزوێنی وتوە بە شاعیر کە ئاگادار بە، ئەمە ڕەنگە وەک دەنگێکی ناخی خۆی یان هۆشیارییەکی قووڵی دەروونی لێکبدرێتەوە.

ناسەقامگیری. هەستێکی ناسەقامگیری جەستەیی هەیە (بزمار ڕێژ ئەکا) کە ڕەنگە ئاماژە بێت بە دۆخێکی دەروونی ناجێگیر یان ترسێکی قووڵ.

نیاز بۆ ئازادی (دەربڕین) دەستپێکی شیعرەکە (ئەوەتەی هەم ئەمەوێ بەئازادی بڵێم) هەستی پەرۆشی بۆ دەربڕینی ئەم هەستە قووڵانە دەردەخات، کە لە پەناگە

دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەست. زمان سادە و کاریگەرە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر قسە دەکات.


کارەبای هێماکان. هێماکان (زستان، باخچە، پاڵتۆ، بالیفە، ڕێ...) زۆر باش هەڵبژێردراون و بە شێوەیەکی هاوسەنگ کاردەکەن بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی هەستبزوێن و قووڵ.

دەنگ و ڕیتم جێگرەوەی هێمن و خێرای دەنگ (وەک لە تکایە ئاگاداربە، و بزمار ڕێژ ئەکا) ڕیتمێکی سروشتی دروست دەکات کە لەگەڵ هەستەکاندا دەگونجێت. دووبارەکردنەوەی تکایە و تاکەڕیتمێکی دەستنیشانکراو دەنوێنێت.

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت. پێکدادانی نێوان پەناگە خەیاڵییەکە لە سروشتدا (باخچە) و هەڕەشەی ڕاستەقینەی سروشت (زستان) پەیوەندییەکی ئاڵۆز نیشان دەدات.

**٥. کورتە:**

"گۆشە ونەکان" شیعرێکی هەستبزوێن و کاریگەرە کە تیشک دەخاتە سەر دۆخی دەروونی شاعیرێک کە هەست بە تەنیایی، لاوازی و ترس دەکات و بەدوای پەناگەیەکی ئارامبەخشدا دەگەڕێت (وەک باخچەیەک لە ژێر سێبەری دارێکدا). بەڵام، هەڕەشەی زستان (ڕاستەوخۆ یان هێمایی) و هەستی بێپاراستنبوون (پاڵتۆم نییە) و ناسەقامگیری جەستەیی (بزمار ڕێژ ئەکا) ئەم پەناگە خەیاڵییە تاقدەکەنەوە. شیعرەکە بە هێما هەست بزوێنەکانی و زمانی ڕاستەوخۆ و کاریگەرەوە، تێڕوانینێکی قووڵ و ناسکەراوەوە بۆ هەستی مرۆڤی تەنیایی و ترس لە بەرامبەر نەزانینی و مەترسییەکانی جیهان دەبەخشێت. ناونیشانی گۆشە ونەکان لە کۆتاییدا، ئاماژەیە بۆ ئەو شوێنانەی نادیار یان ناڕوون کە شاعیر بەدوای پەناگرتنی تیایدا دەگەڕێت یان هەستی لە ونبوونیان دەکات.



گورگێك خۆی خزانە ناو دێ
کەڵەشێرێك توند قوقاندی
..سەگ بەئاگاهات و وەڕی،
خەڵکی دێ ڕاپەڕین لەخەو..
مام گورگ هەڵهات لەترسا و
ڕانەمەڕ بێمزەڕەت
دەرچوون،
سەگ بێ خەم پاڵیدایەوەو
خەڵکی گوندیش لە خۆشیدا
بۆ نیوەڕۆ خوانێکی خۆش
مام کەڵەشێریان سەربڕ
لەو ڕۆژەوە تێگەییشتم..!
هەر کەسێك
خەڵکی خەوخۆشی
ئەم گوندە لەخەو
هەستێنێت ،
ئەگەر زۆرە .. سەری ببڕن...!

هۆنراوەی بەندی عەلی

# هەشتا ساڵ دوای کارەساتی هێرۆشیما

# کابوسی چەکی ئەتۆمی بەسەر مرۆڤایەتیدا



نووسینی: ڕەحمان حوسێن زادە

هەشتا ساڵ دوای کارەساتی هێرۆشیما
کابوسی چەکی ئەتۆمی بەسەر مرۆڤایەتیدا
ڕەحمان حوسێن زادە

جیهان و مرۆڤایەتی هەشتا ساڵەی کارەساتی ئەتۆمی هێرۆشیمایان نەک بە هەستیاری و پێویستی مرۆڤایەتی، بەڵکو وەک هەواڵێکی ئاسایی تێپەڕاند. لە ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئابی ١٩٤٥، کاتژمێر ٨:١٥ ی بەیانی، لەگەڵ تەقینەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لە شاری هێرۆشیما، زیاتر لە حەفتا هەزار کەس، منداڵ، پیر و گەنج، لە یەکەم چرکەدا بوونە خۆڵەمێش. ئەم ئاستە لە کارەساتی جینۆساید هێشتا ڕەوشتی تاوانکارانەو زۆرداری میلیتاریستی یەکێک لە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی دووەم، واتە ئیمپریالیزمی ئەمریکای تێر نەکرد. دوای سێ ڕۆژ و لە ٩ ی ئابدا دووەم بۆمبی ئەتۆمی کەوتە سەر شاری ناکازاکی. ئەم شارە هەر وەک هیرۆشیما کرا بە زەوییەکی سووتاو. لە سێ ڕۆژی یەکەمدا گیان لەدەستدانی سەد هەزار هاوڵاتی ژاپۆنی کە لەو دوو شارەدا دەژیان تۆمار کرا. بەپێی ئەو نووسراو و ئامارانەی تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە، لە پێنج مانگی کۆتایی ئەو ساڵەدا ژمارەی کوژراوان گەیشتووەتە "دوو سەد و سی هەزار کەس. جگە لەوەش ژمارەی وردی ئەو قوربانیانەی کە تا ئەمڕۆ بەهۆی دەرئەنجامە دواتری ئەو هێرشانە گیانیان لەدەستداوە دیار نییە، بەڵام پێدەچێت چەند سەد هەزار کەس بوو بێت".

ساختەکاری گەورەی مێژوو: ئیدیعای پێچەوانەی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بۆ شکست پێهێنانی ژاپۆن و دروستکردنی "ئاشتی" :

لەو قۆناغەوە تا ئێستا ئەکتەر و شرۆڤەکاران و ئایدۆلۆژیستەکانی بەرگری لەدەستەی دەسەڵاتداری ئیمپریالیستی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، ئەم گەورەترین تاوانەیان لە دژی مرۆڤایەتی پاساو هێناوەتەوە وەک ئەوەی ئامانجەکە "شکست پێهێنانی ژاپۆن و کۆتایی هێنان بە شەڕ و دروستکردنی ئاشتی" بێت. ئەم ئیدیعا بێ بنەمایە هەر لەو قۆناغەوە، نەک تەنیا لەلایەن مرۆڤایەتی ئازادیخواز و ویژدانی هۆشیارەوە، بەڵکو لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتمەدار و شرۆڤەکارانی نەزمی ئیمپریالیستی بە ئاشکرا کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. هەمووان دەزانن کە جەنگی جیهانی دووەم بە شکستی فاشیزمی هیتلەری لە مانگی ئایاری ١٩٤٥ بەکردەوە کۆتایی هات، دوا بەرگری لاواز و بێ ئومێدی سوپای ژاپۆن لە ناوچە دوورە دەستەکانی ئەوروپا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بەردەوامبوونی جەنگی جیهانی دووەم نەبوو. مەسەلەکە تەسلیم بوونی ژاپۆن نەبوو کە بەبێ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم یان درێژەکیشانی جەنگ، لە ئارادا بوو، بەڵکو ئامانج نمایشی میلیتاریستی دەسەڵاتی ئەمریکا بوو، بەڵام نەک دژی "ڕکابەرە شەڕکەرەکان"، بەڵکو دژی "هاوپەیمانەکانی" کە تا دوێنێ لە جەنگی جیهانی دووەمدا هاوپەیمان بوون و "ڕکابەرە جیهانییە نوێیەکان" لە سەروویانەوە یەکێتی سۆڤیەت بوو.

ڕووداوەکانی کۆنفرانسی پۆتسدام کە لە ١٧ی تەمموزەوە تا ٢ی ئابی ١٩٤٥ لە شاری پۆتسدامی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، کە ئەوکات لەلایەن سوپای سوورەوە داگیرکرابوو، و ستالین (سەرۆکی سۆڤیەت)، چەرچڵ (سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و دواتر کلیمنت ئاتلی لە شوێنی ئەو) و هاری ترومان (سەرۆکی ئەمریکا)، چەواشەکاری پێویستی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکا و ترومانی تاوانبارەوە لە دژی هێرۆشیما و ناکازاکی ئاشکرا دەکات.

سەرکەوتووانی جەنگی جیهانی دووەم لە کۆنفرانسی پۆتسدام کۆبوونەوە بۆ دابەشکردنی "غەنیمەتەکانی" شەڕ لە نێوان خۆیاندا، لە کێبڕکێیەکی هەستیار و کاریگەردا کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مەودای دەسەڵاتی کاریگەریی هەر دەسەڵاتێکی ئیمپریالیستی بۆ دەیان ساڵی داهاتوو دیاری دەکرد. "بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەڵمانیا، کە نۆ هەفتە پێشتر ڕازی بووبوو بە خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرج. لەو کۆنفرانسەدا هاری ترومان کە دوای مردنی فرانکلین ڕۆزڤێڵت بووبووە سەرۆکی ئەمریکا، بۆ یەکەمجار لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی هاوپەیمانان کۆبووەوە. هەر لە ناوەڕاستی ئەم کۆنفرانسەدا بوو کە ترومان ئاگادارکرایەوە کە "بۆمبی ئەتۆمیان بە سەرکەوتوویی تاقیکرایەوە"، هەروەها بڕیاریدا لە دژی ژاپۆن بەکاری بهێنێت. چەند ساڵێک لەمەوبەر، چەرچڵ لە فیلمێکی دیکۆمێنتاریدا سەبارەت بەم کۆنفرانسە کە لە تەلەفزیۆنی سوید پەخشکرایەوە، وتی. "ستالین لە قسەکانیدا سەبارەت بە دوایین بەرخۆدانی سوپای ژاپۆن کە ئەوەندە جددی نەبوو، ئامادەیی سوپای سۆڤیەتی دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە پێناو هێنانەدی تەسلیم بوونی کۆتایی ژاپۆن. لە وەڵامدا هاری ترومان ڕایگەیاند، "پێویست ناکات، چەکێکمان دەستکەوتووە، بەم زووانە بەرگری ژاپۆن کۆتایی پێدەهێنین.

هەواڵی دەستراگەیشتنی ئەمریکا بە چەکی ناوەکی بووە هۆی تووڕەیی قوڵی ستالین و بەوهۆیەوە بە زوویی و بەساردییەوە "کۆنفرانسی بەجێهێشت،". هەر لەوێ و لەکاتی جێهێشتنی کۆنفرانسەکەدا فەرمانێکی دەرکرد بۆ خێراکردنی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی سۆڤیەت" (وەرگیراو لە فیلمێکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بە جەنگی جیهانی دووەم و کۆنفرانسی پۆتسدام). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە یەکێتی سۆڤیەت یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی لە ٢٩ی ئابی ١٩٤٩ تاقیکردەوە، کە ستالین هێشتا لە ژیاندا بوو. بەم تاقیکردنەوە، هاتنە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ناو یانەی وڵاتان بە چەکی ئەتۆمی چەسپێندرا و پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا لە کاتی شەڕی سارددا گەیشتە لوتکە.

هەمان ئەم چیرۆکەی چەرچڵ نیشان دەدات کە بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دژی سوپای تەسلیمکراوی ژاپۆن نەبووە. مردنی سەدان هەزار منداڵ و ژن و پیاوی پیر و گەنج لە هێرۆشیما و ناکازاکی بوو بە سوتەمەنی و تێچووی کێبڕکێ و تەماحی پشکی ئەمریکای سەرمایەداری و ئیمپریالیست لە ڕووبەڕووبوونەوە و کێبڕکێ لەگەڵ زلهێزە سەرمایەدارییەکانی دیکەی جیهان.

ئەفسانەی ڕێگری ئەتۆمی!

خاوەنی بۆمبە ئەتۆمییە جیهان وێرانکەرەکان، ئایدۆلۆژیست و بەرگریکارەکانیان بەردەوام شمشاڵێک لەم ئەفسانەیە دەژەنن، "چەند باشە کە چەکی ئەتۆمی بەرهەم هێنراوە!؟، چونکە پێیان وایە بووەتە گەرەنتی ئاشتی و ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی شەڕی جیهانی!!". تاوانبارانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی و بۆردومانی هێرۆشیما و ناکازاکییەوە، مرۆڤایەتی لەژێر هەژموونی بەرژەوەندخوازی سەرمایەداری جیهانیدا بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە. بە گوتەی ئەنجێلیکا کلۆزن، یەکێک لە نووسەرانی گۆڤاری "یونگە وڵت"ی ئەڵمانی نزیک لە "پزیشکانی نێودەوڵەتی بۆ پێشگرتن لە شەڕی ئەتۆمی "(IPPNW)، چەکی ئەتۆمی تەنانەت لە قۆناغەکانی پەرەپێدان و تاقیکردنەوەشدا قوربانیی بەرهەم دینێت. بەپێی خەمڵاندنەکان، تیشکی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی ئاسمانی لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا بووەتە هۆی مردنی لانی کەم دوو ملیۆن کەس بەهۆی شێرپەنجە لە سەرانسەری جیهاندا. "بە تایبەتی دانیشتوانی ناوخۆی ناوچەکانی تاقیکردنەوە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە". چینی کریکاری جیهان و مردن و مەرگی ڕۆژانەی ملیۆنەها ئینسانی هەژار، کە بەرهەمی قازانج پەرسیئ سەرمایەیە وەکو فاکتەریک وەربگرین، جەنگ بە واتای سەربازی و لەشکرکێشی و بەکارهێنانی چەکی تری کۆمەڵکوژی کیمیایی و بۆمب و موشەک و دەیان ئامرازی تری وێرانکەر لە ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەفراوانی و لە هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا، یەخەگیری ئینسانە. ئەوەی لە سەردەمە جیاوازەکان هاوسەنگی هێز لە نێوان قوتبە کاپیتالیست و ئیمپریالیستەکان و لە سەر بەرژەوەندی و ئیمتیازاتە بنەڕەتییەکانیان ئەوانی گەیاندووەتە خاڵی ڕێکەوتنەکان، بۆ نموونە ئەوەی چەند دەیە دوو قوتبی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی هاوشیوەی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کردووە، ئەمە ئیتر لە "نیعمەتی چەکی کوژی ناوەکی" نییە.

یان دوابەدوای لەبەریەک هەڵوەشانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، شێواوی نیزامی سەرمایەداری تا ئێستا، نەگەیشتووە بەخاڵی چەغماغەدانی جەنگی کلاسیکی و ئەزموونکراوی جیهانی، بەڵام شەڕی ناوخۆیی و ناوچەیی و بەوەکالەت سەری هەڵداوە. بەرینبوونەوەی تیرۆر و نائەمنی بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی زلهێزە سەرمایەدارەکان کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت کردۆتەوە. شەڕ و تیرۆر و جینۆساید لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوابەدوای پێکهێنانی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بە نەخشەی بەریتانیا و فەرەنسا و پاڵپشتی بەردەوامی ئەمریکا و شەڕی ئێستای ئۆکرانیا و شەڕی بەردەوامی ئەمڕۆ لە ٥١ شوێنی جیهان، هیچی کەمتر لە شەڕێکی جیهانی نیشان نادەن. مەترسی شەڕی ئەتۆمی بەجۆرێکە کە لە بەیاننامەیەکی هۆشداریدا، "گۆڤاری زانایانی ئەتۆمی ئەمریکا" لە ٢٨ی ژانویەی ئەمساڵدا، بە وتەی خۆیان، "کاتژمێری قیامەتیان بۆ ٨٩ چرکە دانا تا نیوەشەو، واتە نزیکترین کات لە "لەناوبردنی مرۆڤایەتی" تا ئێستا. بە وتەی پسپۆڕێکی دیکەی ئەتۆمی، "ئەمە تەنها هەفتەیەک دوای دەستپێکردنی خولی سەرۆکایەتی دووەمی دۆناڵد ترەمپ ڕوویدا. سەرۆکی ئەمریکا بە کردەوەکانی ئەم مەترسییەی بەرجەستەتر کردووە. تەنها هەفتەی ڕابردوو فەرمانی بە ژێردەریایی ئەتۆمی کرد کە لە ڕووسیا نزیک ببنەوە." من ئەوە زیاد دەکەم کە ئەو کارە ئیستفزازییەی ترەمپ دوای هەڕەشە ئەتۆمییەکانی میدڤێدیڤ، سەرۆکی پێشووی ڕووسیا و جێگری ئێستای ئەنجومەنی ئاسایشی حکومەتی ڕووسیا هات. ئەم دۆخە ئەوە نیشان دەدات کە چەکی ئەتۆمی نەک ئامرازێکی "ڕێگریکردن"، بەڵکو هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و ئەگەری هەیە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ.

بۆیە یادی ٨٠ ساڵەی کارەساتی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناکازاکی و تێپەڕبوونی بەم خەم ساردییە لەلایەن مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازەوە، خۆی کارەساتێکی شۆککەرە. ئێمە لە لای خۆمانەوە لە بەڵگەنامەیەکدا لەسەر دۆخی جیهان کە لەلایەن کۆنگرەی یازدەیەمی حزبی کۆمۆنیست کارگەری- حیکمتیستەوە لەمانگی ئازاری ٢٠٢٥ پەسەندکرابوو. ئەم دوو جەختکردنەوە بنەڕەتییەی خوارەوەمان هەبوو. "چڕبوونەوەی کێبڕکێی جیهانی و جیۆپۆلەتیکی و ململانێی نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکان و شەڕی بە وەکالەت و مەترسی شەڕی ڕاستەوخۆیان لە دونیای بێ لەنگەری ئێستادا، مەترسی گەورە لەسەر ژیانی ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی دروست کردووە... لە درێژەدا ئێمە زیاتر جەختمان لەوە کردەوە، "کۆتاییهێنان بەم دۆخە بەستراوەتەوە بە ڕۆڵ و ئامادەبوونی هۆشیارانە و ڕێکخراوانەی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی، بە ڕێکخستنی شۆڕشێکی کرێکاری بۆ ڕوخاندنی نەزمی سەرمایەداریی هەڵگەڕاوە و ڕێگریکردن لە بەربەرییەت". لەم سیستەمەدا هیچ ڕێگەیەکی سێیەم نییە.

# دەربارەی ئەنتی سێمیتیزم

نووسینی: میرۆ عەبدولکەریم


## بەشی یەکەم

> بە پێچەوانەی ڕق لە جولەکە لەسەر بناغەی ئایینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە پێی وایە بە ئایین گۆڕین (بوون بە بە مەسیحی یان بە موسوڵمان ) جولەکە بە سەرفرازی هەتاهەتایی دەگەن، ئەنتی سێمیتی مۆدێرن پێی وایە ئایین گۆڕین هیچ لە کارەکتەری جولەکە ناگۆڕێت و هەر بە جولەکەیی خۆی دەمێنێتەوە و بگرە زۆر جار خودی ئایین گۆڕینەکە چاوبەستە و کەوڵی مەڕ لەبەرکردنە...

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ یادکردنەوەی هۆڵۆکۆست بەم شێوەیە پێناسەی ئەنتیسێمیتیزم دەکات: “تێڕوانینێکی تایبەت سەبارەت بە جولەکە، کە لە ڕق لە جولەکەدا خۆی بەیان بکات. ئەنتیسێمیتیزم بە وتە و کردار دژ بە تاکی جولەکە و ناجولەکە یان موڵکیان، دژ بە دەزگای کۆمەڵی جولەکەو دامەزراوە ئاینییەکانیان ئاراستەدەکرێت” و چەندین نمونەی ئەنتی سێمیتیزم بەپێی ئەم پێناسە دەهێنێتەوە، لەوانە بەراوردکردنی سیاسەتی ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیل بە نازیەکان، و ناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بە پرۆژەیەکی ڕەگەزپەرستانە. ئەم پێناسە و نمونەکان ناتەواون و زۆرجار بۆ ئامانجی سیاسی بەلارێدا دەبرێن، چونکە جیاکاری لە نێوان دژایەتیی تاک و دامەزراوەی جولەکە لەبەرجولەکە بونیان و ڕەخنەو دژایەتیکردنی جولەکە و دەوڵەتێک کە خۆی کردوە بە نوێنەری جولەکە لە جیهاندا لەبەر ئایدۆلۆژیا و شێوازی سیاسەتیان ناکات. بەپێی ئەم پێناسە چەندین شوازی ڕەخنەگرتن و دژایەتی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەرگریکردن لە مافی فەلەستینیەکان و قسەکردن لەسەر سروشتی دەوڵەتی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیستی یان ئەپارتاید دەچێتە قالّبی ئەنتی سێمیتیزمەوە. لە بەرامبەردا پێناسەی ئەنتیسێمیتیزم بەپێی بەیانی ئۆرشەلیم بۆ ئەنتیسێمیتیزم بریتییە “لە هەڵاواردن، پێشداوەری، ڕق وکینە، یان توندوتیژی بەرامبەر بە جولەکە و دامەزراوەی جولەکە لەبەر جولەکە بوونیان” پێناسەی دووەم ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن زیاتر لە دووسەد شارەزا و لێکۆڵەری بواری ئەنتیسێمیتیزم و هۆڵۆکۆست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک کاردانەوە و ڕەخنەیەک لەبەرابەر پێناسەی یەکەم، کاری لەسەر کراوە؛ تاوەک ئەنتیسێمیتیزم نەکرێت بە چەکێکی سیاسی و بۆ سەرکوتی ڕەخنەگران و نەیارانی دەوڵەتی ئیسرائیل یان پشتیوانانی دۆزی ڕەوای فەلەستینیەکان بەکارنەهێنرێت. وەک لە پێناسەکەشدا دیارە پێشداوەریی و ڕق و توندوتیژی بەرامبەر جولەکە کاتێک دەبێت بە ئەنتی سێمیتیزم کە پاڵنەرەکەی لەبەر جولەکەبونیان بێت. هەروەک جیاوازی دەکات لەنێوان دژایەتی زایۆنیزم و ئەنتیسێمیتیزم. ئەنتی سێمیتیزم وەک جۆرێک لە ڕەگەزپەرستی دەبینێت، نەک وەک ڕقێکی ئەبەدیی جیهان لە جولەکە. دژ بە وێناکردنی جولەکەیە وەک جەوهەرێکی نەگۆڕ و ئەبەدی و ئەم بە جەوهەریکردنەی جولەکە وەک ماکێکی ڕەگەزپەرستانە دەبینێت نەک بێت و مۆرکی “ئەنتیسێمیتیزمی نوێ“ لە هەموو ڕەخنە و دژایەتییەکی ڕەوای ئیسرائیل و زایۆنیزم بدات. ئەوەی کە ئەنتی سێمیتیزمی مۆدێرن لە پێشداوەریی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست جیادەکاتەوە بەڕەگەزیکردنی جولەکە، تیۆریای پیلانگێڕی و ئەنتی سێمیتیزمی بونیادییە. قسەیەکی باو هەیە دەڵێت پارە حوکمی جیهان دەکات، ئەنتی سێمیتەکان لەوەزیاتر دەڕۆن: دەڵێن بنەماڵەیەکی جولەکە لە ڕێگەی پارەوە حوکمی جیهان دەکەن. ئەنتی سێمیتی ڕاسترەو پێی وایە سەرمایەداری بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی پارەی جیهان، وە نەک تەنیا ئەمە بەڵکو پێی وایە بنەماڵەیەک ئەتوانێت دەست بەسەر پارەی هەموو جیهاندا بگرێت و وە هەر کەسیش پارەی جیهانی کۆنترۆڵ کرد ئەوا تەواوی دنیاش یەخسیر دەکات، یان وەک بوکە پەڕۆینە چۆنی بوێت بە ئارەزوی خۆی هەڵیدەسوڕێنێت؛ ئەم تێگەشتنە لە سەرمایەداری لەناو ڕاسترەوەکاندا باوە. ڕاسترەوەکان ناتوانن سەرمایەداری و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارانە وەک گشتێک سەیربکەن. ئەوان پێیان وایە سەرمایەداری دەکرێت دابەشبکرێت بۆ چاک و خراپ. سەرمایەداریی پیشەسازی و “بەرهەمهێنەر“ لایان باشەو سەرمایەداریی “سوخۆر” لایان خراپە. سەرمایەداری نەتەوەیی لایان جێگەی ڕێزەو سەرمایەداری نێونەتەوەیی شایستەی شەرمەزارکردنە. ئەوان سەرمایەداریی بانکی و دارایی (ناوی تری بۆ بەکاردەهێنن وەک سەرمایەداریی گازینۆ یان سەرمایەداری دڕندە) وەک مشەخۆرێک دەبینین بەسەر “سەرمایەی باش” وە و ناتوانن سەرمایە، بە دەربڕینی دەیڤید هارڤی، وەک بەهایەک ببین لە سوڕدا کە بوارەکانی بەرهەمهێنان و سوڕ و دابەشکردن وەک چەندین بواری سەربەخۆ بەڵام پێکەوە گرێدراو وێستگەکانی پێکدەهێنن. جیاکاریەکی دیکەی ڕاسترەوەکان بریتیە لە شکۆمەندکردنی سەرمایەی نەتەوەیی و دژایەتیکردنی سەرمایەی جیهانی. کاتێک سەرمایەداری لە خزمەتی ئامانجە سیاسیەکانیاندا بێت ئەوا هیچ گلەییەکیان نییە، ناوەڕۆکەکەی وەک خۆی دەهێڵنەوە و ناوەکەی بە نەتەوەیی یان ئاینی دەکەن یان خۆیان لە ناوهێنانی کڕ دەکەن، بەڵام کاتێک چەند دیاردەیەک لەناو دەرکەوتە جیاوازەکانی سەرخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بە دونیابینی ئەوان ناخوات ئیتر سەرمایەداری بۆ ئەوان ئەبێت بە پرۆژەی لایەنێکی دیاریکراو (زۆر جار جولەکە) بۆ گەمژەکردن و لە خشتەبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵگەی بە موخاتەبگیراو بە تایبەتی. هەندێک جار بازنە نەتەوەییەکە فراوان دەکرێت و و دەبێت بە چەمکی سوپرا و ئەلترا نەتەوەیی وەک ئوممەتی ئیسلامی، ئومەی عەرەبی، گەلانی ئاری نەژاد یان شارستانیەتی ئەورووپی (بۆ نمونە لای ئیسلامیەکان” ئوممەتی ئیسلام“ ئامانجە تایبەتیەکەی ئەم پیلانگێڕیەن). لای ئەنتی سێمیت هەمو ئایدیا مۆدێرنەکان دروستکراوی جولەکەن بۆ تێکدانی (یان کۆنترۆڵکردنی) شارستانیەت. لای ئەنتی سێمیت جولەکە دوو جۆری هەیە: یەکیان جرجی ئاڵتونی یە (سەرمایەدار) ئەوی تریان مشکی سور (کۆمۆنیست). دژە جولەکە وەها لە سەرمایەداری حاڵی بووە کە دروستکراوی کۆمەڵێک جولەکەی سوخۆرە بۆ دەستگرتن بەسەر جومگە هەستیارەکانی ژیاندا و کۆنترۆڵکردنی گەلان لە ڕێگەی پارە و سەرگەرمکردنیان بە ڕابواردن و فەسادی و ئایدیای نوێ بۆ پەرتکردنیان. کۆمۆنیزم لای دژە جولەکە دروستکراوی جولەکەیە بۆ وێرانکردنی شارستانیەت و نەزمی کۆمەڵایەتی، دەڵێن ئەوەی کۆمۆنیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ڕوکەشە و بۆ خەڵەتاندنی خەڵکە و لەژێرەوە خەریکی جێبەجێکردنی پیلانی پیرانی زایۆنن. هەربۆیە خاڵێکی دیکەی ئەنتی سێمیتیزم بە ڕەگەزیکردن و بە ئەبەدیکردنی جولەکەیە. جولەکە لەم تێڕوانینەدا مرۆڤێک نییە لە کۆمەڵگە و لەسات و دۆخ و هەلومەرجێکی مێژوویدا بژی، بەڵکو بونەوەرێکی سەرو مێژووییە و مانای بوون و ڕۆڵی لە مێژوودا تەنیا پیلاندانان و نەخشەکێشانە بۆ لەناوبردنی شارستانیەت و یەخسیرکردنی مرۆڤایەتی. لە هاوکێشەکەی ئەنتیسێمیتدا پارە (بۆ پڕکردنەوەی نیازە پەست و نزمەکان) حوکمی خەڵک دەکات، جولەکەش حوکمی پارە دەکات، "نیازی گڵاوی جولەکە" بۆ لەناوبردنی شارستانیەت و حەسودی و ئەویش بەرامبەر بە “گەلانی باڵا “ حوکم بەڕەفتاریەوە دەکەن. جولەکە لەم تێڕوانینەدا هیچ نیازێک لە پشت کارەکانیەوە نییە جگە لە خراپە، جولەکە کاراکتەرێکی نەک دڵڕەق، بەڵکو بێ دڵ و بێ هەست و سۆزە و زیرەکیی ڕووتە. تاکە شتێک دەیزانێت حساباتێکی بێ بەزەییانەیە. جولەکە لە سروشتی تەواوی مرۆڤەکان تێگەیشتوە و هەموو کینە و تەڵەکەیەکی لەبەرە بۆ لەخشتەبردنیان. گەر لە ئەدەبیاتیی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاستدا شەیتان لە خشتەبەری مرۆڤ و یاجوج و ماجوج تێکدەری شارستانیەت بن دەجالیش خوایەکی درۆینە بێت، ئەوا لای

ئەنتی سێمیتی مۆدێرن کەسی جولەکە هەموو توانا و سیفاتەکانی ئەم سێ بونەوەرەی لە خۆیدا هەڵگرتوە وەک: لە خشتبەری تاک، وێرانکەری شارستانیەتی "ڕاستەقینە"، و دروستکەری شارستانیەتی "موزەیەف و چاوبەست." دیتریش ئێکارت شاعیرێکی ئەنتی سێمیتی ئەڵمانیە و هاوڕێی هیتلەر بووە، پێش مردنی دەمەتەقێیەکی نێوان خۆی و هیتلەری نووسیوە بە ناوی "بۆلشەویزم لە موساوە بۆ لینین" کە تیایدا جولەکە وەک هێزێک نیشان ئەدات کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە هەرکوێ شارستانیەت سەری هەڵدابێت ئەمان هەوڵی تێکدانیان داوە و بە درێژای مێژوو ئایدیا و پارە و ڕەش وڕووتیان بەکارهێناوە بۆ ژێردەستەکردن و کۆیلەکردن و یەخسیرکردنی خەڵکی نا جولەکە. بەپێی ئێکارت نەک هەر لە موسا، بگرە لە یوسفی عەزیزی میسرەوە چیرۆکی دەستبەسەراگرتنی دارایی و سامانی گەلانی دیکە لای جولەکە دەستپێدەکات و تا لینین و کۆمۆنیستەکانی دیکە بەردەوام دەبێت. جولەکە، بە ڕیوایەتی ئەنتی سێمیت، کۆکەرەوەی هەمو دژیەکەکانە، هێزێکی پشتی پەردەو نهێنی یە، هەم سەرمایەداریە هەمیش کۆمۆنیزمە، هەم دنیا بەڕێوەدەبات هەمیش تابوری پێنجەو لەناوەوە شارستانیەت و کۆمەڵگە کرمۆڵ دەکات. هێزێکە نادیارە و لەهەموو شوێنێکیش بوونی هەیە. جولەکە ئەوکاتەشی کە قوربانی یە هەر تاوانبارە و نەخشەیەکی لەسەردایە. گەر هیتلەر دەیویست "شارستانیەتی ڕۆژئاوا" بپارێزێت لە "بۆلشەویزمی جولەکە " ئەوا ڕاستڕەوەکانی دوای شکستی فاشیزم، خودی هیتلەر بە قوربانی پیلانی جولەکەی جیهانی دەزانن بۆ ئەنجامدانی هۆلۆکۆست و ڕاکێشانی سۆزی جیهان تا لەڕێگەیەوە حوکمی جیهان بکەن. ئەم تێڕوانینەی ئەنتی سێمیتەکان تێڕوانینێکی زانستی و مێژوویی نییە لەسەر هەڵگرانی ئاین و ناسنامەی جولەکە بە درێژایی هەزاران ساڵ و خوێندنەوەی واقیعیکی کۆنکرێتیان لە چاخە جیاوازەکاندا، وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە، بەڵکو لە مرۆڤایەتی داڕنین، دێواندن و بە غەیبیکردنیانە؛ هەمان پێناسە و سیفات لە ئەدەبیاتی ئاینیدا وەپاڵ بونەوەری غەیبیی هاوشێوەی شەیتان و دەجال و بگرە خودا دراون (چەند مەکتەبێکی کەلامی هەبوون کە بۆ خوداش بەوەها دەسەڵاتێک ڕازی نەبوون). لە تێڕوانینی ئەنتی سێمیتدا جولەکە بونێکی جێگیری هەیە و گۆڕانکاری و چاخە جیاوازەکان هیچ لە ماهیەتی ئەوو ناگۆڕن. بە پێچەوانەی ڕق لە جولەکە لەسەر بناغەی ئایینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە پێی وایە بە ئایین گۆڕین (بوون بە بە مەسیحی یان بە موسوڵمان ) جولەکە بە سەرفرازی هەتاهەتایی دەگەن، ئەنتی سێمیتی مۆدێرن پێی وایە ئایین گۆڕین هیچ لە کارەکتەری جولەکە ناگۆڕێت و هەر بە جولەکەیی خۆی دەمێنێتەوە و بگرە زۆر جار خودی ئایین گۆڕینەکە چاوبەستە و کەوڵی مەڕ لەبەرکردنە. بۆ نموونە ئیسلامیەکان و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان لەسەدەی بیستدا تیۆریای پیلانگێڕیان بەکاردەهێنا بۆ پێداچوونەوە و دوبارەخوێندنەوەی مێژووی سەرەتای ئیسلام و جولەکە موسوڵمان بووەکانیان تاوانبار دەکرد بە شێواندنی عەقیدەی ئیسلامی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئیسرائیلیات و نانەوەی فیتنە لەڕیزی موسوڵماناندا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەنتی سێمیتیزم وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی لە ئەوروپای ڕۆژئاواو ناوەڕاستدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە ڕکابەری بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراتی و کۆمۆنیزم. فریدریش ئەنگلز، ئاگۆست بێبل، ویلهێلم لیبکنێشت چەندین سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستی دیکە دژ بەم جۆرە تێڕوانینە لنگەو قوچە لە سەرمایەداری دەوەستنەوە و داوای هەڵمەتی بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک (بە تایبەتی جوتیار و وردە بۆرجوازی) دەدەن لە وەهم و تەڵەکەی ئەنتیسێمیتیزم. بۆ نمونە پارتی سۆسیال مەسیحی کە شتۆکەری ئەنتی سێمیت ڕابەری بوو لە ناو کرێکارانی بەرلیندا خەریک بو جێی پێی خۆی قایم دەکرد. ئەنگلز لە ١٨٨٣ داوادەکات لە سۆسیال دیموکراتەکان کە بە توندی دژی ئەنتی سێمیتەکان بوەستنەوە. لە ٩ ی ئایاری ١٨٩٠ ئەنگلز بۆ ڕۆژنامەی کرێکاران وتارێک لەسەر ئەنتی سێمیتیزم دەنووسێت و پێی وایە ئەم دیاردەیە دەرهاویشتەی ترسی وردەبۆرجوازی و خانەدانە بچوکەکانە لە لەنابوتبوونیان بەدەستی سەرمایەی گەورە و دەڵێت: بەڵام سەرمایە، ئاریایی بێت یان سامی، تەعمیدکراو بێت یان خەتەنەکراو، دواجار ئەم چینە کۆنەپەرستانە لەناودەبات و لە کۆتاییدا دوو چین بەرامبەر یەک دەوەستنەوە؛ چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار□. وەک دەبینین لێرەدا ئەنگلز سەرمایە نابەستێت بە ئایین و تایەفەیەکی دیاریکراوە، جگە لەوەش ئەنتی سێمیتیزمی مۆدێرن بە دەرهاویشتەی دۆخی ئابوری–کۆمەڵایەتیی دونیای سەرمایەداری دائەنێت کەوایکردوە چینێکی کۆمەڵایەتی ترسی خۆیان دەرهاوێشتەی سەر هەڵگرانی ناسنامەیەکی ئایینی بکەن و بەمەش تێگەشتنێکی لنگەوقوچ لە واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیان بۆ دروست بێت و بێ ئاگایان کات لە دژیەکی و مەیلە مێژوویەکانی کۆمەڵگە وەک بەرەنجامی جەنگی چینایەتی. ڕەخنەی ڕاستڕەوانە لە سەرمایەداریی و تیۆریای پیلانگێڕی هێندە گرێدراوە بە ئەنتی سێمیتیزمەوە کە هەموو بڵاوکردنەوەیەکی تیۆریای پیلانگێڕی دژە جولەکەییەکی بونیادیە با کەسەکە ناوی جولەکەش نەبات. واتە هەمان قاڵبی تیۆری دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ بە ڕەگەزییکردن و دێگونەچارەکردنی هەڵگرانی ناسنامەیەکی دیکە وەک بەهایی، دروز، کەمینەی مەسیحیی یان موسوڵمانی پەنابەر. جۆرێکی دیکەی بە جەوهەریکردن و بە ئەبەدیکردنی جولەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاش ڕیفۆرمە یاساییەکانی ناپلیۆن و خەباتی جولەکەکانی ئەوروپا بۆ ڕەهایی سیاسی؛ ئەنتی سێمیتیەکان (ئەو کات ئەم چەمکە سەریهەڵنەدابوو) پێیان وابوو کە جولەکە لەبەرئەوەی هەڵگری "ئاینێکی دواکەوتو"ن و ئامادەی دەستبەرداربوون لە ناسنامەکەشیان نین، ئەوا هیچ بوارێک بۆ پێشکەوتن و بواری ژیانێکی شارستانیانەیان نییە (هەمان تێڕوانین ئێستا لە سیاقێکی دیکەدا بەرامبەر موسوڵمانان دوبارە دەکرێتەوە کە لە باسێکی دیکەدا دێمەوە سەری). بەپێی ئەم تێڕوانینە خودی ئایینی جولەکە، نەک یاسا دەوڵەتیەکان، ڕێگرە لە بەرامبەر ڕەهایی جولەکەکان و وەک بڵێی بەهۆ و لەڕێگەی ئایینەکەیانەوە جولەکە خۆیان گێتۆ کردوە. برونۆ باوەر، کە پێشتر ئیلاهیناسێکی پرۆتستانت بو و دواتر دەبێت بە ئەتایست و هاوڕێی مارکس بوو لە گروپی یونگهیێلیانە، پێی وابوو ڕەهایی سیاسیی جولەکە مانای نییە و جولەکە دەبێت یەکەمجار خۆیان ڕەها بکەن لە ئایینەکەیان ئەوسا داوای ڕەهایی و ئازادی بکەن لە دەوڵەتی پروسیا و ئەگینا وەک جولەکە مافی سیاسیان نییە. مارکس لە دوونووسیندا ڕەخنە لە برونۆ باوەر دەگرێت کە لەبری تێگەشتن لە گۆڕانکاریەکانی سەردەم و گرنگی ڕەهایی سیاسیی جولەکە (وەک خەڵکانێک کە لە ژێر ستەمدا بوون)، لە بری لێکۆڵینەوە لە پرسی جولەکە وەک پرسێکی سیاسیی مۆدێرن، دەچێت پرسەکە ڕاستەوخۆ دەکاتەوە بە پرسێکی ئایینی (بگرە لاهوتی) و دەیپێچێتە کتێبی تەورات و لاهوت و خوداناسی. باوەر پێی وابوو نە دەوڵەتی پروسیا بە کەڵکی ئەوە دێ داوای ئازادی لێ بکەیت و نە جولەکەش ئاینەکەیان هی ئەوەیە کە ئازادی قبوڵ کات. پێی وابو دین و عەقیدەی جولەکە بە درێژایی مێژوو هەروەک خۆی دەمێنێتەوە و دژی هەموو پێشکەوتنێکی سیاسییە. دینی جولەکە لای برونۆ باوەر دینی خۆجیاکردنەوە و ئیمتیازە، بۆیە هەر جولەکەیەک داوای یەکسانی بکات ئەوا دژی ماهیەتی خۆی دەوەستێتەوە. کارل مارکس لە کتێبی خێزانی پیرۆزدا، بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز ئەم میتۆدەی برونۆ باوەر لەسەر ئەم پرسە دەداتە بەر ڕەخنە؛ مارکس دەڵێت: پرسەکە سەبارەت بە کۆدی ناپلیۆنە، ئەو دێت بیسەلمێنێت کە نەخێر سەبارەت بە تەوراتە، تێڕوانین و گەڕانەوەی ئەو بۆ پرسە هاوچەرخەکان کێچڕوانین و هەڵگێڕانەوە و سەرەوژورکردنی پرسەکەیە. لێرەدا بواری ئەوە نییە کە مێژووی خەباتی مارکسیەکان دژ بە ئەنتیسێمیتیزم تاوتوێ بکەم، لە هێنانەوەی ئەم چەند نموونەیەوە ویستم ئەوە بخەمەڕوو لە ڕوی تیۆریەوە دژە ژەهری ئەنتی سێمیتیزمی مۆدێرن لە بواری ئابوری و سیاسیدا تێگەشتنی مارکسیانەیە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانەی سەرمایەداری و ڕەهایی سیاسی و مرۆیی لە چنگی نەزمی سەرمایە، نەک سیاسەتی ناسنامەی دابڕاو لە خەباتی چینایەتی یان فیلۆسێمتیزمێک (جوو دۆستی) ی جەوهەرگەرا کە دیوێکی دیکەی ئەنتی سێمیتیزمە و زۆرجاریش کاردانەوەی ئەنتی سێمیتیانەی لێ دەکەوێتەوە. لە بەشێکی دیکەدا هەوڵ دەدەم باسی "ئەنتیسێمیتیزمی نوێ" و تۆمەتبارکردنی مارکسی و کۆمۆنیستە دژە زایۆنیەکان بە ئەنتی سێمیتیزم بکەم...

درێژەی هەیە



## ڕێبوار عارف: خالی هاوبەشی کۆی نەخشەو پلانەکان و سیاسەتەکانی هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم شکاندنەوەی قەیرانەکانە بەسەر خەلکی هەژارو کەمدەرامەت و مووچەخۆرانی کوردستاندا...

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەهادین حاجی بەکر ناسراو بە "ڕێبوار عارف"، بەرپرسی لقی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، لە پەیوەند بە پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکان و ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی...**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی بەغدا لە ململانێی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم، موچەی فەرمانبەران دەبڕێت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش خەڵکی کوردستان وەکو گوشارێک لەدژی بەغدا بۆ ئامانجەکانی خۆی بەدەستەوە دەگرێت، دەبێ چ بکرێت لەدژی ئەم مامەڵە نائینسانیەی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم؟**

کەسانە چەندە وشیارو ئاگان بەوەی کە بەشێک لە هەلوێستەکانیان ئاو بە ئاشی دەسەلاتدا دەکات.

بۆیە کارێک کە پێویستە رابەران و هەلسوراوانی نارەزایەتیەکان بەوردی وشیاریەکی زۆرەوە بەدوای ئامانج و بەرژەندیەکانی خۆیەوە بێت و پێ لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانی حیزبە سیاسیەکانی پەرلەمان. ئەحزابی سیاسی ئەگەر گەرەکیان بێت پشتگیری لە نارەزایەتیەکان و داخوازیەکانی خەلکی کوردستان بکەن ئەوا دەتوانن لە پەرلەمان و ڕێگەو رەوشتە سیاسی و دبلۆماسیەکانی خۆیاندا کاری بۆ بکەن، نەک ئەوەی وەک ڕێکخەەی خۆپیشاندانەکان مامەلە بکەن، یان لەمەش خراپتربانگهێشتکردنی ئەم

دەبێت هەردوو وەک یەک بە بەرپرس بزانین لە برسیکردن و نەدانی مووچە و خزمەتگوزاریەکاندا.

کە بەداخەوە وێنەیەکی گشتی کە جێکەوتووە لایەنگری یەک لایەنە لە حکومەتی فیدرالی بەدێوەزمەکردنی دەسەلاتی هەرێمە لە بەرامبەر بەو دەسەلاتەی کە گوایە لە ژێر دەسەلاتی ئەواندا دنیا شامی شەریفە.

کە دەکرێت ئەمە پێچەوانەکەشی دروست بێت بەشێک لە هەلسوراوان بەداخەوە پاراستنی قەوارەی هەرێمیان کردوە بەو پاساوەی کە تەواوی کێشەکان لە ئەستۆی حکومەتی عێراق دەنین. کە ئەم دوو بۆچۆنە هەردووکیان دوو دیوی دراوێک کە زیانبارە بۆ جولانەوەکەمان.

**یەکێك لەو بابەتانەی کە لە قۆناغی رابردوماندا ئێمە زیانمان لێکردو پێویستی بە دیقەت و تیاڕامانێکی وشیارانەتر و لێبراوانەتر هەیە (سەربەخۆی سیاسی و پراتیکی) کۆی نارەزایەتیەکانە کە یەکجار پڕ بایەخە. ئەمەش واتە فاسلە گرتن لە کۆی گشتی حیزبە سیاسیەکانی پەرلەمان. ئەحزابی سیاسی ئەگەر گەرەکیان بێت پشتگیری لە نارەزایەتیەکان و داخوازیەکانی خەلکی کوردستان بکەن ئەوا دەتوانن لە پەرلەمان و ڕێگەو رەوشتە سیاسی و دبلۆماسیەکانی خۆیاندا کاری بۆ بکەن، نەك ئەوەی وەك ڕێکخەەی خۆپیشاندانەکان مامەلە بکەن...**

**ڕێبوار عارف:** خالی هاوبەشی کۆی نەخشەو پلانەکان و سیاسەتەکانی هەردوو دەسەلات شکانەوەی قەیرانەکانە بەسەر خەلکی هەژارو کەمدەرامەت و مووچەخۆرانی کوردستاندا، بۆیە هەردوولا بە دوو ئاراستەو دوو مەبەستی جیاواز هەردوو دەسەلاتەکە ژیان و گوزەرانی ئەو خەلکە ستەملێکراوەکە بە بارمتە دەگرن و تەواوی کێشەو کەموکوڕیەکان بەسەر ژیانی ئەو خەلکەدا دەشکێننەوە. بۆیە لەلایەک دەسەلاتی هەرێم دەیەوێت مووچەخۆران و خەلکی کوردستان بکاتە پاشکۆی سیاسەت و ئامانجی خۆیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو لە ژێر ناوی پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان. بەداخەوە بەرادەیەک ئەم سیاسەت و فریووکاریانە توانیویانە کاریگەری خۆیان دابنێن و تەنانەت بەشێک لە هەڵسوراوانیش خۆشخەیال بکات بۆئەوەی لەباتی جەنگ دژ بە هەردوو دەسەلات بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەبنە سوورەی بەرلەشکری سیاسەت و ئامانجەکانی دەسەلات، بەدەر لەوەی کە ئایا ئەو

خۆمانەوە بین و تێبگەین لەوەی شاقامی نارازی کوردستان و ئەو دەسەلات و حکومەتەی کە ژیان و گوزەران و حورمەت و کەرامەتی ئێمەیان هێناوەتە ژێر پرسیار !

**بۆپێشەوە: ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان چۆن دەبینن و زامنی سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە لە گرەوی چیدایە؟**

**ڕێبوار عارف:** یەکێک لەو بابەتانەی کە

حیزبانە بۆ نێو جەرگەی نارەزایەتیەکان،

چونکە ئەمە دەبێتە پاساو بەهانەگیریەکی کە دەسەلات ڕێگری بکات لە ئەنجامدانی هەرجۆرە چالاکیەک، وەک ئەوەی لە دواین خۆپیشاندانی شاری سلیمانیدا بەدیمان کرد کە چۆن ڕۆژێک بەر لە نارەزایەتیەکە دەسەلات کەوتە هاتوهاواری (پشێوی و نائارامی و پلانی موئامەرە)یەک بەرێوەیە کە نابێت ڕێگەی پێبدرێت، بۆیە بینیمان هەر لە

دواجار پیاچوونەوەو بنیادنانەوەی کۆی کارەکانمان لاوازی و کێشەو کەموکوڕیەنمان پێشمەرجێکی گرنگە بۆ هاتنەوە مەیدان و بنیادنانەوەی ڕیزی خەبات و تێکۆشانمان □.

دەبێت لەمبارەوە وەک دواین خال ئەوە بڵێم کە کۆی گشتی ئەو کارانە پێویستی بە ( نەخشە ڕێگەیەکی گشتگیر بۆ کۆی نارەزایەتییەکان) و رابەریکردنی ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتیە هەیە کە کۆی موئەهەلاتەکەی ئامادەو تەنیا ئەوەی دەوێت کە بە هاودلی و ئیرادە ئەرکی

**کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری لەبەردەم ئەرکێکی قورس و گراندایەو لە دەورەی داهاتوودا دەبێت هەموو هەول تەقەلایەکی خۆی بدات بۆ ڕێکخستنەوەو سەرپێ نارەزایەتییەکان، بەهێزکردنی یەکیەتی و یەکگرتووی و هاودلی خەباتکارانەی بەرەی خەلکی نارازای و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئامانجیان باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەو خەلکە ستەملێکراوەیە...**

لە قۆناغی رابردوماندا ئێمە زیانمان لێکردو پێویستی بە دیقەت و تیاڕامانێکی وشیارانەتر و لێبراوانەتر هەیە (سەربەخۆی سیاسی و پراتیکی) کۆی نارەزایەتیەکانە کە یەکجار پڕ بایەخە. ئەمەش واتە فاسلە گرتن لە کۆی گشتی

شەوێوە چۆن هێزە ئەمنییەکان شوێنە گشتیەکانی شاری میلیتاریزە کردو هاوکات دەیان کەسیان دەستگیر کرد، نەبادا.... خوانەخواستە کودەتا بکرێت.

مەسەلەیەکی تر هەلوێستمانە بەرامبەر هەردوو دەسەلاتی هەرێم و بەغداد، کە

شۆرشگێرانەوە پێکەوە بیانبەستینەوەو هەنگاوی بەکردەوەی بۆ هەلبهێنینەوە!

**بۆپێشەوە: کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری لە کوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی**

## درێژەی: دیمانە لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار عارف

**کوردستاندایە و نەخشەی چییە بۆ چارەسەری کیشەی موچەو خزمەتگوزارییەکان؟**

**ڕێبوار عارف:** ئەوە ڕۆشنە کە زیاتر لە ١٠ سالە مەسەلەی مووچە لە کوردستاندا بەرۆکی بەشێک لە خەلکی کوردستان گرتووەو کاریگەری لەسەر ژیانی بەشەکەی تریش داناوە. چونکە کاتێ ئەم بەشە لە خەلکی کوردستان دەرگیرە لەگەل بەدەستهێنانی ئەو مافە راستەوخۆ کارگەری لەسەر بزواندن و جولەی بەشێکی تری کۆمەلگە دەبێت کە مووچە مامەلەی لەگەلدا دەکات لە کابرای دەستفرۆش و سەوزە فرۆش و وشکە فرۆش و پیشەوەرو بگرە تا دەگاتە هەموو ئەو توێژانەی تر کەبۆ ساخکردنەوەی کالاوبەرهەمی پیشەکانی دەرگیرن لەگەل مووچە خۆراندا کارو ژیانیان پێکەوە بەستراوەتەوە، بۆیە بوون و نەبوومی مووچە بالانسی چەرخاندن یان وەستانی بازار رادەگرێت.

هەر بۆیە کاتێک کە مانگێک و دوان و سیان مووچە نادرێت یانی بازار ڕادەگیرێت و لەدەرەوەی ژیانی مووچە خۆرانیش ئەو قەیرانە گەورە دروست دەبێت و کاریگەری لەسەر بازاڕو ژیانی سەدان هەزار هاولاتی دادەنێت بۆیە دەلین نەبوونی مووچە بە جۆرێک لە ئاستێکدا ژیان رادەگرێت.



لێرەدا باسەکە دێتە سەر پەیوەندی نێوان کریارو فرۆشیار، واتە ئەو بەشەی کە فرۆشیارە بەشێکی زۆری بەستراوەتەوە بە دۆخی کریارەکەوە کەئایا مووچە وەردەگرێت یانا. کەواتە مووچە خالی هاوبەشی کڕین و فرۆشتنی بازارەو سنووری ژیان و گوزەرانی خەلکی ئەو کۆمەلگەیە پێکەوە گرێ دەدات.

ئەمە واتە پێویستە سنووەی کاریگەریەکانی مووچە تەنیا پەیوەندی نییە بە تۆی مامۆستاو فەرمانبەرەوە، بەلکو لە راستیدا پەیوەندی بە ژیانی کۆی کریارو فرۆشیارەوە هەیە بۆیە پێویستمان بە تێگەشتنێکی بڕێک فراوانتر هەیە لەوەی کەئێستە بارەوە پێمانوابێت نەبوون و نەدانی مووچە تەنیا کێشە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران، نا لەراستیدا کێشە بۆ کۆی گشتی کۆمەلگە دروست دەکات و بازاری هەموو فرۆشیاران کزو بێڕەونەتق دەکات.

دیوێکی تری ئەم پرسیارە پەیوەندی بە چارەنووسی کۆی گشتی نارەزایەتیەکانەوە هەیە جیاواز لە مووچەخۆرو فەرمانبەرەوە، ئەویش قەیرانی ئاو و کارەبا، بەخسووسی کردنی کەرتی تەندروستی و ڕێگەوبان و بێکاری و دامەزراندن و گەندەلی و چەتەگەری و نائەمنیەکە کە سایەو سێبەری کردوە بەسەر ژیان و گوزەرانمانەوە وەک دەبینین سنووری نارەزایەتیەکان لەو بوارانەشدا لەم سالانەی رابردودا زۆرفراوانتر بووتەوە کە پێویست دەکات نەخشەمان بۆی هەبێت.

ئەمەش واتە کارکردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کێشەو لاوازیانەی کە لە وەلام بە پرسیارەکەی پێشترتان ئاماژەمان پێکرد، واتە پیاچوونەوەو چاوگێرانەوە بە مێژووی خەباتکارانەماندا... بەجۆرێک کە نەخشە ڕێگەیەکی گشتگیر بۆ کۆی نارەزایەتیەکان دەستەبەر بکەین□!

کۆی هەموو ئەم بابەتانە بەوەمان دەگەیەنێت کە کۆنگرەی ئازادی و گۆرانکاری لەبەردەم ئەرکێکی قورس و گراندایەو لە دەورەی داهاتوودا دەبێت هەموو هەول تەقەلایەکی خۆی بدات بۆ ڕێکخستنەوەو خستنەوە سەرپێ نارەزایەتییەکان، بەهێزکردنی یەکیەتی و یەکگرتووی و هاودلی خەباتکارانەی بەرەی خەلکی نارازای و هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە ئامانجیان باشترکردنی ژیان و گوزەرانی ئەو خەلکە ستەملێکراوەیە.

لە هەمووشی گرنگتر هەولدانە بۆ دەستراگەشتنمان بە یەک پلاتفۆرمی هاوبەش کە هەموو خواست و نارەزایەتییەکانی شەقام لێکهەلپێکێت تا بتوانین بچینە نیو جەنگێکی بەرفراوانترو چارەنووسازتر بۆ پشت سەرنان و کۆتایهێنان بە کۆی ئەم سووکایەتی پێکردن و بێمافی و ستەمگەریەی کە بەرۆکی بە خەلکی ستەملێکراوی ئەم ولاتە گرتووە!

**بزوتنەوەی چینی کریکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەدژی چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتی پشتیوانیان، بەبێ یەکگرتووبوون و ڕێکخراوبوون و خۆ جیاکردنەوە لە ئاسۆی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی کورد و رەوتە بۆرژوازییەکان، بە ئاکام ناگات!**

**هێزی چینی کرێکار، لە ڕیکخراوبوونیدایە!**

## درێژەی دوا وتە

ئاوەڵاکرد تا ئەمجارە لەچوارچیوەی بەهێزکردنی دەوڵەتی عێراقدا، ئاوڕ لە دۆخی کوردستان و ئەو دەسەڵاتە بداتەوە کە بەکردەوە لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندیدا نەبوو. گێرانەوەی هەیمەنەی دەسەلات و بریار بەسەر هەریمی کوردستاندا بووە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەم ئەولەویاتەی دەوڵەتی عێراق بەدوای شکستی سەربازی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر، دەرگای بەروویدا کرایەوە، تا هەنگاوی بەکردەوە دەست پێ بکات.

لەو کاتە بەدواوە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا لە ریگای دادگای فیدرالی، هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ، سەرەتا بە دەستکورتکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم بەسەر پرسی ئابوریدا و بەتایبەتیش نەوتدا دەستی پێکرد و بەشێکی سەرەکی لە دۆسیەی ئابوری و نەوت لەدەستی دەسەڵات دەرهات و بەکردەوە ئابوری سەربەخۆ، ملی بە هەژموونی بەغدا و بریارەکانیدا. دواتر بریاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە نایاسایی و پەککخستنی هەموو ئەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان!! دەریکردبوون لەگەڵ چەندین بریاری تر کە ڕیگە بە دەخالەتی بەغدا و دەسەڵاتی فیدرالی بەسەر هەرێمدا دەدات. هەموو ئەو رەوەندە تا رادەیەکی زۆر بە بێ کاردانەوەی بەرجەستەی هەرێم بەڕیوەچوو.

بۆرژوازی کورد، لەبەرامبەر بەو رەوتەدا کە تا دەهات دەچووە پیشەوە، لەلایەکەوە ناچار بوو پابەند بوونی خۆی بە بەغدا و روو وەرگێرانی بەرەو بەغدا و ریکەوتن لەگەڵی بەدەستەوە بگرێت و لەلایەکی تریشەوە ناچار بوو، هەندێک کاردانەوە لەخۆی نیشان بدات. یەکێک لە کاردانەوەکان پابەند نەبوون بە ڕیکەوتنەکانە و خۆدزینەوە لە ملدان بە بریارەکانی دادگای فیدرالی بوو.

لە ماوەی رابردوودا سەدان ڕیکەوتن لەنیوان بەغدا و هەرێم کراوە، بەتایبەت لە پەیوەند بەپرسی نەوت و موچە و گریبەست و دەرهینان و فرۆشتنی نەوت و...تاد، کەچی زوربەی هەرە زۆری ئەم ڕیکەوتنانە لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە ملیان پێنەدراوە و نەچوونەتە بواری جێبەجیکردنەوە. سەدان جار پیداگری لەسەر ئەوە کراوە کە فرۆشتنی نەوت لە ریگای سۆمۆوە بێت و هەرێمیش رەزامەندی لەسەر داوە، کەچی نەوت رادەستی سۆمۆ نەکراوە و هەرێم سەربەخۆ و بە نایاسایی فرۆشتویەتی. لەدوای راگرتنی فرۆشتنی نەوت لەڕیگای بۆری و تورکیا بۆ بەندەری جەیهان، بەپێی چەندین سەرچاوەو لیدوانی شارەزایانی بواری ئابوری نەوت، رۆژانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە نایاسایی دەفرۆشرێت بێ ئەوەی داهاتەکەی دیار بێت.

پرسی نەوت بەشێوەی گشتی گرێدراوە بە پرسی موچەی فەرمانبەرانەوە... لە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵی رابردوودا کە کیشەی موچە، بۆتە یەکێک لە کیشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و موچەخۆران، بەسەدان ڕیکەوتن و لێک تێگەیشن واژۆ کران و راگەیەنراون... کەچی ئەم پرسە چارەسەرنەبووە موچەخۆران لەگەڵ سەخترین برگەی ژیانیان رووبەروو بوونەتەوە.

بەشیک لە هۆکاری جیێبەجێ نەبوونی ڕێکەوتنەکان، بەجیا لە فیدرالیزم و کاریگەری هاوسەنگی هیز کە فیدرالیزمی تیدا ئیمزا کراوە، دەگەرێتەوە بۆ دۆخی ناسەقامگیری و شلۆقی ناوچەکەو گۆرانکارییەکان، کە راستەوخۆی کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم و بریارەکانی هەیە.

گوشارەکانی ئەمریکا و بۆسەر عێراق لە پەیوەند بە پرسی حەشدی شەعبی، باڵادەستی ئیران بەسەر بریاری سیاسی و دەسەڵات، ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەل ئیران، روداوەکانی تری ناوچەکە، ...تاد، هەموویان کاریگەریان لەسەر ڕیکەوتنامەکان هەیەو هەبووە. بۆیە ڕیکەتنامەکان بنەمایەکی جێگیریان نییە و لەرزۆکن. دیارە تا ئەو دۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ڕێکەوتنامەکان و پەیوەندی دەسەڵاتی هەریم و بەغداش ناجیگیر و لەرزۆک دەبن. ئەوەی لەو نێوەدا قوربانییە، فەرمانبەران و خەڵکی کوردستانن، کە بەشێک نین لە هۆکارەکانی ململانێکە، بەڵام قوربانیانی سەرەکی ئەم بەرامبەرکێیەی نێوان هەردوو دەسەڵاتی بەغدا هەرێمن.

دوورخستنەوەی فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم لەسەر داهات و دەسەلات و پۆست، راستەوخۆ بەندە بە ئامادەیی و هاتنەمەیدانی ملیۆنی فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان لەدژی هەردوو دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب و کورد و فیدرالیزمی پوچی قەومی کە بۆتە موسیبەت و کوێرەوەری بۆسەر ژیان و گوزەران و هاوکات مەترسی بۆسەر ئایندەی سیاسییان.

**ناوەراستی ئابی ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدولّا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عامر سابیر، عوسمان محەمەد، توانا محەمەد نوری، میرۆ عەبدولکەریم، رەحمان حسێن زادە، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدولّا مەحمود، ڕێبوار عارف، دیاکۆ، نەجم محەمەد، دیار بەرزنجی...

دۆسیەی ژمارە "موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی"...

## لەیادی هاوڕێیانی گیان بەختکردوو" خالید مەلا عەلی و کەریم هۆمەر باوەمەر" دا



* خالیدی مەلا عەلی لە ساڵی ١٩٥٩ لە خێزانێکی کرێکارییدا، چاوی بە دونیای پڕ زوڵم و ستەمی سەرمایەداریدا هەڵێناوە. بۆیە هەر لەگەڵ چرۆکردنی تەمەنیدا، ناچاربوو بۆ بەڕیوەبردنی ژیان و گوزەرانی خێزانەکەیان بە جیا لەخوێندن، دەست بداتە کاری تاقەت پروکێن...

دنیای پڕ زوڵمی ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری و واقعیەتی تاڵی چەوساندنەوەو نایەکسانی ئەو نیزامە هارو چاوچنۆکە، زوڵم و زۆری بێ سنوری رژێمی ناسیونال–فاشی بەعسی لە گۆرنراو، هەر زۆر زوو هاوڕی خالیدی کیشایە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی لێبراوانە.

هاوڕی خالید، دوای ئەوەی پەی بە واقعیەتی و ماهیەتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبات، کە چەند ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا، لێیان دوردەکەوێتەوە و وەکو کرێکارێکی بیناسازی دەست دەداتە هەڵسوران و زۆر زوو دەبێتە خۆشەویستی ناو هاوڕێ و دۆستەکانی و سیمایەکی تێکۆشەری چەپ...هەر لەوکاتەدا لەگەڵ ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا ئاشنایەتی پەیدا دەکات و پاشان لە ڕێکخراوی" یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی" نزیک دەبێتەوە.

هاوڕی خالید، لەساڵانی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩١ وەکو کادرێکی کۆمۆنیست و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی دەست دەداتە خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستی و لە خرۆشانە جەماوەریەکەی ئازاری ١٩٩١ دا، بەشداری دەکات و دەبێتە یەکێک لە کادرە ڕێکخەرەکانی ئەو ناوکۆکە چەکداریەی کە بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی پێدەناسرێتەوە. دواتریش بوو بەیەکێک لە هەڵسوراوان و رابەرانی شورای سەرشەقام و چالاکانە کار دەکات.

هاوڕی خالید لە درێژەی خەبات و تێکۆشان و ئەو ڕۆڵ و نەخشە بەرجەستەیەی بۆ بەرگری لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و مافەکانیان گێرای، لە بەرواری ١٨/٨/١٩٩١ دا لەکاتی هەڵمەت بردنە سەر بارەگاکانی حزبی بەعس، بەمەبەستی دووبارە وەدەرنانەوەی دام ودەزگاکانی بەعس لەبەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی بۆسەر لیوای حەرەس جمهوری، پێدەکرێت و بۆ هەمیشە دڵە پر هیواو ئاواتە ئینسانی و کۆمۆنیستیەکەی لە لێدان دەکەوێت...

* کەریم حەمە باوەمەر ناسراو بەکەریم هێرۆیی لە ناوچەی پشدەردا چاوی بە دنیای نابەرابەر و زاڵمانەی سەرمایەداری و هەڵێناوە. کەریم هێرۆیی ئەندامی تیپی هونەری پێشرەو و



ئەندامی کۆمیتەی مەراسیمە کرێکارییەکانی ئایار و هەڵسوراوێکی بزوتنەوەی کرێکاریی و هونەرمەندێکی دەست رەنگین و بەسەلیقە بوو. کەریم هێرۆیی سیمایەی خۆشەویست و ناسراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و هونەرمەندانی و هونەر دۆستانی شاری قەڵادزێ بوو... کەریم هێرۆیی هونەرمەندێکی دڵ پر لە هیواو ئومێدی بەدنیایەکی باشتر بوو، بۆیە یەکێک لەهەڵسوراوانی بزوتنەوەی دژی سەرمایەداری بوو دەسەڵاتی رەشی بەعسی سەرمایە بوو...بەداخەوە هاوڕی کەریمی هونەرمەند لە رۆژی ٦/٨/١٩٩٤دا دڵە پڕ هیواو عیشقە جوانەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دانیشتوانی شاری قەڵادزێ، لە ئەنجامی تۆپبارانی نێوان شەری دەسەڵاتی حزبە قەومی و دینییەکان لە لێدان کەوت و دڵە پڕ هیواو ئومێد و دەست رەنگینیەکەی بۆ ئاخرین جار تابلۆیەکی سوری دژی کۆنەپەرستی نەخشاند..هاوڕێ کەریم لەدوای خۆی دوو منالّی چاوگەشی بەناوەکانی" تابلۆ و دیاری" کە گوزارشتە لە پیشکەشکردنی جوانی و دونیایەکی رەنگاو رەنگ ئاوەڵە، بە مرۆڤایەتی لەدوای خۆی بەجێ هێشت...

**بەرزو بەڕێزبێت، یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو خالید مەلا عەلی و کەریم هێرۆیی هونەرمەند**

دوا وتە

## بۆچی ڕێکەوتنەکانی نێوان بەغدا هەرێم بەجێگایەك ناگەن؟

**عەبدولا مەحمود**


ململانێی نێوان دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی بەغدا، بەوێنەی دوو باڵی بۆرژوازی کورد و عەرەب، لەسەر داهات و سامان و دەسەڵات، درێژەی هەیە. لەماوەی دوبارە بیناکردنەوەی دەوڵەت و حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، تا بە ئێستا دەگات، هەولێر و بەغدا دەیان و سەدان رێکەوتنامەیان لەسەر پرس و کێشەکانی نێوانیان ئەنجامداوە، بەڵام هیچ کام لەو ڕێکەوتنانە، نەیانتوانیوە لەسەر پێی خۆیان بوەستن و پایەداربن، تەنانەت هەندێک ڕێکەوتن بەرگەی تەنها ٢٤ سەعاتی نەگرتووە و مردار بۆتەوە.

ڕێکەوتنی بۆرژوازی کورد و عەرەب و فەرمیکردنی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە لەسەر بنەمای فیدرالیزم، سەرچاوەو بنەمای سەرەکی پێ نەگرتنی هەموو ڕیکەوتنەکانی ترە. فیدرالیزم "فیدرالیزمی قەومی" بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە، لە هەلومەرجێکدا ئیمزا کرا و بووە چوارچیوەیەکی یاسایی!! هەرێم بە بەغداوە، کە بۆرژوازی لە عێراقدا لاواز و ریزەکانی پەرش و بڵاوبوو. شیعەی سیاسی بۆ یەکەم جار بوو لە عێراقدا بە پشتیوانی ئێران دەستی گەیشتبووە نیعمەتی دەسەڵات و تازە دەستی بە گاوگۆڵکێ کردبوو، لە بەرامبەردا بۆرژوازی کورد لە ساڵی ١٩٩١ وە، دەستی لەدەسەڵات گیرببوو، زوربەی هەرێمی کوردستانی بەدەستەوە بوو، دەسەڵاتی رەهای بەسەر سەرجەم جومگە سیاسی و ئابوری و ئیداری و بریارەکانی هەرێمدا هەبوو، خاوەن پیگەیەکی تایبەت بە وڵاتەکانی ناوچەکە و دنیاوە بوو، هەژموونی حزبەکانی کوردایەتی بێ رکەبار بەسەر هەرێمدا بوو. کوردستانی عێراق ئەگەرچی بەشیوەی فەرمی وەکو دەوڵەت دانی پیادا نەنرابوو، بەڵام بە کردەوە دەولەتێکی سەربەخۆ بوو. لەو هەلومەرجەدا ڕیکەوتنی بەغدا و هەرێم لەسەر فیدرالیزم... لەلایەکەوە بەشیوەی فەرمی و یاسایی ڕیگەی بەرووی هەر هەوڵ و نەخشەیەکدا گرت کە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا دەست بۆ ببات، لەلایەکی تریشەوە، چوارچێوەیەکی یاسایی بەخشی بە بۆرژوازی عێراقی تا دەسەڵاتی رەهای بۆرژوازی کورد بەسەر هەرێمدا کورت بکاتەوە و هیواش هیواش هەیمەنەی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا بەپێی یاسا بباتە پێشەوە.

لەسەرەتادا، بەهۆی لاوازی بەغدا و دەسەڵاتە تازە بەدەسەڵات گەیشتوەکەی، فیدرالیزمی قەومی تەنها وەکو بەڵگەنامەیەک بۆ پەیوەندی بەغدا و هەرێم مایەوە. بۆرژوازی لە عێراقدا دەرگیری زۆر کیشەو گرفت بوو، لە پیش هەموویانەوەو گرفتی ناوخۆیی ناو باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی، پرسی ئەمنی... هەرکام لەو گرفتانە ڕیگەیان لەوە گرت دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، بکەوێتە ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم.

کەم بوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی بۆرژوازی عێراقی و باڵەکانی لەلایەک و تا رادەیەک ئاسییبوونەوەی پرسی ئەمنی ناوخۆیی، دەستی بۆرژوازی عێراقی

بۆ لاپەڕە 13





دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام